کەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5736) چوارشەممە 24ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



نێچیرڤان بارزانی و حەلبووسی دۆخی سیاسی تاوتوێ دەکەن

بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و محەمەد ئەلحەلبووسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، دۆخی سیاسیی عێراق بەگشتی و دواپێن پێشهاتەکانی پارێزگای مووسڵیان بەتایبەتی تاوتوێ کرد و جەختیان لە گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان لایەن و دەزگا پەیوەندیدارەکانی وڵات بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی داعش کردەوە.



مەسرور بارزانی و جێگری نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانی جیهانیی دژی داعش کۆبوونەوە

دوێنێ سێشەممە 2019/4/23 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ولیام ڕۆبوک جێگری نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانی جیهانی دژی داعش و شاندی یاوەری کرد. لە کۆبوونەوەکە، کە ستیڤ فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەبوو، دوا پەرەسەندنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریزم گفتوگۆیان لەسەر کرا. مەسرور بارزانی، بۆچوونی خۆی لەبارەی جموجۆڵی بەردەوامی داعش لە هەندێ ناوچەی عێراق ڕوونکردەوە و جەختی لە بایەخی چارەسەرکردنی ڕەوشی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی.



سەرۆک بارزانی پێشوازیی لە کەلیمووڵای تەوەحودی کرد

کەلیمووڵای تەوەحودی: ئێستا گەورەترین ئاواتی ژیانم وەدیهاتووە

دوێنێ سێشەممە 2019/4/23 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە میژوونووس و ڕۆشنبیر و هونەرمەندی ناوداری کوردی خوراسان، مامۆستا کەلیمووڵای تەوەحودی کرد. لەو دیدارەدا مامۆستا کەلیمووڵای تەوەحودی سوپاسی سەرۆک بارزانی کرد و ڕایگەیاند کە ئێستا گەورەترین ئاواتی ژیانم وەدیهاتووە. دواتر کورتەیەکی لەسەر میژووی کوردی خۆراسان و سەرجەم کتێب و نووسینەکانی خۆی لەبواری میژوو و ئەدەب و هونەر و دۆخی ئێستای ئەو بەشەی گەلەکەمان لەو ناوچەیە خستەڕوو.

هەر لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی مامۆستا تەوەحودی، سوپاسی هەوڵ و ماندووبوونەکانی کرد بۆ نووسینەوەی میژووی بەشێکی گرینگی گەلی کورد، هەروەها دەستخۆشیی لێ کرد بۆ هەوڵەکانی لەبواری زیندووڕاگرتنی هونەر و کولتووری کوردی خۆراسان و هیوای سەرکەوتنی لە کار و پڕۆژەکانی داهاتوودا بۆ مامۆستا تەوەحودی خواست.

دەستەی دەستپاکی: ئیدارەی نەوفەل عاگوب لە مووسڵ 64 ملیۆن دۆلاریان بردووە

2



سالم شەبەک: ڕەوشی ئەمنیی پارێزگای نەینەوا زۆر مەترسیدارە

جەبار یاوەر: لە کابینەی نۆیەم بەرنامەی چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت



ئەمیندارى گشتى وەزارەتى پێشمەرگەى هەرێمى کوردستان، فەریق جەبار یاوەر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسى ئانادۆلو رایدەگەیەنێت هێشتا داعش لەنێوان هەزار بۆ دوو هەزار چەکدارى لە عێراق ماوە و لەچەند ناوچەیەکیش چالاکن، دەشڵێت "داعش لەعێراق زیاتر لە350 هەزار هاوواڵتى و سەربازى کوشتووە". یاوەر راشیدەگەیەنێت لە کابینەى نۆیەم بەرنامەى چاکسازییەکانى وەزارەتى پێشمەرگە تەواو جێبەجێ دەکرێت، دەشڵێت هاوپەیمانان بەردەوامن لە هاوکارییى دارایى، چەک و تەقەمەنى و مەشقى هێزەکانى پێشمەرگە.

لەبارەى ئەوەى کەوا چەکدارە تیرۆریستەکانى داعش لەکام ناوچەى عێراق زیاتر چالاکن؟ جەبار یاوەر دەڵێت: بەپێى بینینى ئێمە ناوچەکانى مەخمور و دەوروبەرى، ناوچەکانى حەویجە، ریاز، عەباسییە، ناوچەکانى نێوان کەرکووک و سەلاحەددین، ناوچەکانى حەمرین، ناوچەکانى قەرەتەپە لەنێوان خورماتوو تا کفرى.

زیاتر لەلاپەڕە 2 بخوێنەوە

ئەمەریکا خەڵاتێکی گەورە بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەی دارایی میلیشیای حزبوڵڵای لوبنان دیاری دەکات

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا خەڵاتێکی 10 ملیۆن دۆلاری بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەی دارایی میلیشیای حزبوڵڵای لوبنان دیاری دەکات. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەیاننامەیەکی دەرکردووە و تێیدا هاتووە کە حزبوڵڵا ساڵانە نزیکەی یەک ملیار دۆلاری لە ئێران و چەند لایەنێکی دیکە دەکەوێت. خەڵاتە 10 ملیۆن دۆلارییەکەی ئەمەریکاش لە چوارچێوەی پڕۆگرامی "پاداشت لەپێناو دادگەری "بەو کەسانە دەدرێ، کە هەر زانیارییەک لەم بارانەوە بە لایەنە




ئەمەریکییەکان بدات "سەرچاوە داراییەکان، شێوازی گەیاندنی پارە بۆ حزبوڵڵا، ئەو نووسینگە و دەزگا داراییەکانی گواستنەوەی پارەکەیان لە ئەستۆیە، بازرگانییەکانی حزبوڵڵا". هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە حزبوڵڵای شیعەمەزهەبی لوبنانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە و لەلایەن سوپای پاسدارانەوە چەکی بۆ دەنێردرێ، کە ئەمەریکا سوپای پاسدارانیشی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناساندووە.



ئاژانسێکی ئەمەریکی: ئاماژەکانی شۆڕش دژی ئەردۆغان دەرکەوتوون

باسنیوز/ ئاژانسێکی ئەمەریکی لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە، کە ئاماژەکانی شۆڕش دژی سەرۆک کۆماری تورکیا و سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە)ی دەسەڵاتداری تورکیا، دەرکەوتوون. دوێنێ سێشەممە 2019/4/23 ئاژانسی (بلومبێرگ)ی ئەمەریکی لە زاری سەرچاوەکانییەوە بڵاوی کردووەتەوە، کە قەیرانی ئابووری لە تورکیا زیاتر بووە. هەروەک ئەو ئاژانسە بڵاوی کردووەتەوە، ڕەخنەکانی عەبدوڵڵا گیولی سەرۆکی پێشووی تورکیا و ئەحمەد داودئۆغلۆی سەرۆک وەزیرانی پێشووتر لە ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا "ئاماژەی دروستبوونی شۆڕشێکن لەناوخۆ دژی ئەردۆغان ."ئەحمەد داودئۆغلۆ ڕایگەیاندووە، پێوبستە ڕووبەڕووی قۆرغکردنی پشتگیریی هاوواڵتییان بۆ ئاکەپە لەلایەن ئەردۆغانەوە ببنەوە، بە نکۆڵیکردن، قەیرانەکان چارەسەر ناکرێن و ئێستا قەیرانی حوکمداری لە تورکیا هەیە.




یادی کارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ

بۆچی لە 1974/4/24 شارۆچکەی قەڵادزێ بوو بە ئامانج؟

9

مەسرور بارزانی و جێگری نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانی جیهانیی دژی داعش کۆبوونەوە

مەسرور بارزانی: پێویستە هەرچی زووترە زەمینەی لەبار بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بڕەخسێ



دوێنێ سێشەممە 2019/4/23 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ولیام رۆبوک جێگری نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانی جیهانی دژی داعش و شاندی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەکە، کە ستیڤ فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر ئامادەبوو، دوا پەرەسەندنەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە و رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریزم گفتوگۆیان لەسەر کرا.

مەسرور بارزانی، بۆچوونی خۆی لەبارەی جموجۆڵی بەردەوامی داعش لە هەندێ ناوچەی عێراق روونکردەوە و جەختی لە بایەخی چارەسەرکردنی ڕەوشی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە و رایگەیاند، پێویستە هەرچی زووترە زەمینەی لەبار بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە بڕەخسێ.

هەروەها باسی هاتنەئارای کەشێکی ئەرێنی لە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا کرد و ڕوونی کردەوە، ئەم کەشە یارمەتیدەر دەبێت بۆ هەڵگرتنی هەنگاوە پێویستەکان بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی تەواوی پرسە هەڵواسراوەکان، کە کاریگەرییان بەسەر سەقامگیرییەوە دەبێت.

لە بەرامبەردا جێگری نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هاوپەیمانی جیهانی دژی داعش پشتگیریی ولاتەکەی بۆ هێزی پێشمەرگە و هەماهەنگیی نێوان هێزە پەیوەندیدارەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان دووبارە کردەوە و رایگەیاند، پەرەپێدانی ئەو هەماهەنگیانە بەپێویست دەزانێت بۆ ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی جموجۆڵەکانی تیرۆریستان لە عێراقدا.

هەر لەو کۆبوونەوەیە گفتوگۆکانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق و قۆناغەکانی شەڕی داعش لە سووریا تاوتوێ کران.

کاکەمین نەجارِ پێشوازی لە شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردی لە سوریا (البارتی) دەکات



لە بارەگای ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکرایەتی پارێزگای هەولێر بە ئامادەبوونی فارس قادر ئەندامی ئەنجومەن پێشوازی کرد لە شاندێکی بالای پارتی دیموکراتی کوردی لە سوریا "البارتی" بە سەرۆکایەتی ئەحمەد سینۆ سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

لە دانیشتنێکدا ڕەوشی ناوچەکە و بارودۆخی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان خرایە ڕوو و لە وتەیەکیشدا کاکەمین نەجارِ تیشکی خستە سەر پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوا و ڕایگەیاند دەبێ یەکێتی گەلی کورد لە ڕۆژئاوا لەبەرچاو بگیرێت و تەواوی حزبەکان بەشداربن لە پاراستن و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکان بۆ ئەوەی گەلەکەمان دەسکەوتی زیاتر بەدیبێنێت. دواتر سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردی سوریا سویاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد کە هەمیشە پشتیوانی ڕاستەقینەی گەلەکەمان بوونە لە ڕۆژئاوای کوردستان. دواتر تەئکید لە پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردوولا کرایەوە.

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە 22ی نیسانی 2019 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەیاوەریی د. بەشیر خەلیل حەداد، جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئامادەبوونی نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، لە فڕۆکەخانەی نیودەوڵەتیی هەولێر، پێشوازییان کرد لە محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنە جیاوازەکان.

لەدیدارێکی کورتدا سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و شاندی یاوەری بۆ هەرێمی کوردستان، هیوایان خواست سەردانەکەیان ببێتەهۆی پتەوترکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵیی عێراق. هەر لەدیدارەکەدا جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان کرایەوە بە تایبەت جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق کە تایبەتە بە ناوچە کێشە لەسەرەکان.

داعش لە عێراق زیاتر لە 350 هەزار هاووڵاتی و سەربازی کوشتووە

جەبار یاوەر: لە کابینەی نۆیەم بەرنامەی چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بە تەواوی جێبەجێ دەکرێت



ئەمێندارەی گشتی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، فەریق جەبار یاوەر لە هەڤپەیڤێنێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو رایدەگەیەنێت هێشتا داعش لەنێوان هەزار بۆ دوو هەزار چەکداری لە عێراق ماوە و لەچەند ناوچەیەکیش چالاکن، دەشڵێت "داعش لەعێراق زیاتر لە 350 هەزار هاووڵاتی و سەربازی کوشتووە". یاوەر ڕاشیدەگەیەنێت لە کابینەی نۆیەم بەرنامەی چاکسازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە تەواو جێبەجێ دەکرێت، دەشڵێت هاوپەیمانان بەردەوامن لە هاوکاریی دارایی، چەک و تەقەمەنی و مەشقی هێزەکانی پێشمەرگە.

لەبارەی ئەوەی کەوا چەکدارە تیرۆریستەکانی داعش لەکام ناوچەی عێراق زیاتر چالاکن؟ جەبار یاوەر دەڵێت: بەپێی بینینی ئێمە ناوچەکانی مەخموور و دەروبەری، ناوچەکانی حەویجە، ریاز، عەباسییە، ناوچەکانی نێوان کەرکووک و سەڵاحەددین، ناوچەکانی حەمرین، ناوچەکانی قەرەتەپە لەنێوان خورماتوو تا کفری، ئەو ناوچانە زۆربەیان چۆڵە و ئەوەی پێیان دەگوترێت ئاڵا سپییەکان لەو ناوچانەن، هەروەها ناوچەکانی نزیک ئێران، نێوان جەلەولا و خانەقین، ناوچەکانی نێوان خانەقین و سنووری ئێران، نێوان خانەقین و جەلەولا، ئیدی جارووبار لە ڕووماوی، لە سەڵاحەددین، لە حەمام عەلیلی موسڵیش دەبێت، بەڵام بەگشتی ئەو ناوچەیەی لە مەخموورەوە تا باشووری کەرکووک تا قەرەتەپە و ناوچەکانی دیالە گەرمترین ناوچەن بۆ تیرۆریستانی داعش.

یاوەر دەشڵێت: داعش هێشتا لە سنووری هەزار تا دوو هەزار چەکداری ماوە لەو ناوچانە و بڵاوەیان کردووە، بەڵام داعش زۆر شانەی نووستووی هەیە لە لادێیەکان بەتایبەت، جگە لەوانەی چەکداری ڕەسمیی داعشن، خەڵک لە چەندین ناوچە بەشەو دەبنەوە داعش و یارمەتیی دەدەن و دەبنە دەلیل بۆیان و خواردنییان بۆ دەبەن و هاوکاریان دەکەن. ڕاستە لەماوەی چوار ساڵ ئێمە بەهێزەکانی عێراق و پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان بەیەکەوە توانیومانە خەلافەتی داعش کۆتایی پێ بهێنین وەکو هێزی چەکدار، بەڵام لەڕووی فیکرییەوە هێشتا ئەو خەلافەتە کۆتایی نەهاتووە، زۆر خەڵک هەن کە بیروباوەڕی داعش بوونیبان هەیە، وەکو ئەوەی لە ئەوروپا هەیە بە ئۆتۆمبێل خۆی بەناو خەڵک دەکات، بەچەقۆ هێرش دەکات و شتی دیکەش، بۆیە گرنگە دەست پێ بکەین بە پڕۆسەی شەڕێکی فیکری دژی داعش. لەبارەی شوێنی ئەبو بەکر بەغدادی سەردەستەی تیرۆریستانی داعشیش یاوەر گوتوویەتی: هەموو دامودەزگا هەواڵگرییەکانی دونیا زۆر جار زانیاریی بڵاودەکەنەوە و هەریەکە و شتێک دەڵێن، بەڵام هێشتا هیچ دامودەزگایەکی هەواڵگری بەدیاریکراوی نازانن لەکوێیە، بەتەنها ئەو نا، ئەو سەرکردانەی داعش کە ماون ئەوانیش نازانرێت لەکوێن.

لەبارەی ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەشەوە، یاوەر ڕایدەگەیەنێت: ئەو پڕۆژەیە هی هاوپەیمانان نییە، دەبێت ئەوە ڕاست بکەمەوە، ئێمە لە ساڵی 2017 وەکو ئەمینداریتی گشتی وەزارەتی پێشمەرگە داوامان لێ کرا کارنامەیەک بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ئامادە بکەین، ئەوەبوو 17 خاڵمان وەکو کارنامەی ڕیفۆرم لەناو وەزارەت ئامادەکرد، لە هەمان ساڵدا ڕاوێژکارانی ئەمەریکی، بەریتانی، ئەڵمانی سێ پڕۆژەیان پێشکەش کرد، پاشان لە کۆتایی 2017دا لیژنەیەکی بالآمان لە وەزارەتی پێشمەرگە و ڕاوێژکارانی ئەو سێ وڵاتە پێکهێنا بۆ ئەوەی پڕۆژەکانی ئەوان و هی ئێمەش تێکەڵ بکەین و ئەوە بوو پڕۆژەیەکی 35خاڵمان دارشت، ئێستاش بەهەماهەنگی کارەکەین، ڕاوێژکارانی ئەوان و هی ئێمە بەڕێوەبەرایەتییەکی چاکسازییمان دروستکردووە و کۆمەڵێک ئەفسەرمان مەشق پێکردووە لە لایەن ڕاوێژکارانی بەریتانییاوە و خاڵەکانی ئەو پڕۆژەیە دەخەینە واری جێبەجێ کردنەوە، کۆمەڵێکیان چوونەتە واری جێبەجێکردنەوە لەوانە بە ئەلیکترۆنیکردنی پێدانی موچەی پێشمەرگە، یەکخستنی جلوبەرگی پێشمەرگە، پێداچوونەوە بە یاساکان، پێداچوونەوە بەپەیکەری وەزارەتی پێشمەرگە، پێداچوونەوە بە میرە و ئەوانە، ئێستا پڕۆژەیەکمان هەیە بۆ چۆنێتی تێکەڵکردنی هێزەکانی 70 و 80 و لەژێر دیراسەدایە بۆ ئەوەی لەکابینەی داهاتوو جێبەجێی بکەین.

هەروەها لەبارەی هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لەڕووی دارایی، پرچەککردن، مەشق و ڕاهێنانەوە، جەبار یاوەر دەڵێت: ئێستاش هاوکاریکردنەکانییان بەردەوامە، لەڕووی مەشقەوە ناوەندی مەشقی هاوپەیمانان بەرنامەی مەشقی ساڵی 2019یان ماوە، جارو بار ئەفسەرانمان بۆ وڵاتانی تر دەڕۆن بۆ مەشق، هێشتا هاوکاریی ئاسمانی لە هەندێک ناوچە لە ئێژراسیۆنەکان ماوە، جگە لەوەش ڕاوێژکارەکانییان لە وەزارەتی پێشمەرگە ماون بەتایبەت لە پرسی ریفۆرم لە وەزارەتی پێشمەرگە ماوە، یارمەتییەکانییان بۆ پێشمەرگە هەر ماوە کە موچەی نزیکەی 36 هەزار پێشمەرگە کە نزیکەی20 ملیار دینار دەبێت دەیدەن. یارمەتی چەک و تەقەمەنیش هەر بەردەوامە.

لەبارەی 35 خاڵەکەی ریفۆرمیش جەبار یاوەر جەختدەکاتەوە: کۆمەڵێکمان خستووەتە واری جێبەجێکردنەوە، پێداچوونەوە بە میلاک دەستمان پێکردووە، یەکخستنەوەی جلوبەرگ دەستمان پێکردووە و چاوەڕوانی کابینەی نوێین، پەیوەندییەکان لەتەواوبوونداین و بورجمان داناوە بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکان و خەریکی سیستەمی پەیوەندیی بێ سیمین لەنێوان وەزارەت و یەکەکان، مەسەلەی ژمێریاری یەکە یەکە بە ئەلیکترۆنیی پێدانی موچەین. ئەم پڕۆسەیە لەنێوان دوو بۆ پێنج ساڵی دەوێت و لە سەرەتای ساڵی 2018وە دەستمان پێکردووە، بەڵانی زۆرەوە تا 2023 ئەو پڕۆژەیە بەتەواوەتی جێبەجێ کراوە. یاوەر دەشڵێت: لەو بڕوایەدام لە کابینەی نۆیەم ئەم پڕۆژەیە کۆتایی پێدێت، واتە دەبێتە بەرنامەی وەزارەتی پێشمەرگە لەکابینەی نۆیەم.

لەیادی 121 ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕێز لە ڕاگەیاندنکاران و ڕۆژنامەنووسانی پەرلەمان دەنێت

بەبۆنەی یادی121 ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، سەعات 1ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 2019/4/22 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەئامادەبوونی مونا نەبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان و هیوا نەسرەدین، بەڕێوەبەری گشتیی دیوان، لەگەڵ ستافی بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و بەشی سایتی پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە و لە مەڕاسیمێکدا دیاریی ڕێزلێنان بەسەر ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکارانی پەرلەمانی کوردستاندا دابەشکرا.

هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەوتەیەکیدا بەو بۆنەیەوە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی لە ڕووماڵکردنی هەواڵ و چالاکییەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و بەشی سایتی پەرلەمانی کوردستان بەرزنرخاندو ڕایگەیاند: پێویستە بەشی ڕاگەیاندن لەخولی پێنجەمی پەرلەمان خۆیان لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم بگونجێنن و ڕەچاوی ڤێرژنە نوێکانی تەکنەلۆژیا بۆ ڕاگەیاندن بکەن. هاوکات جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە پەیوەندی و هەماهەنگیی زیاتر لەگەڵ دەزگاکانی ناوخۆو دەرەوەو سەنتەرە جیهانییەکانی توێژینەوە بکرێت. پاشان دیاریی ڕێزلێنان بەسەر سەرجەم فەرمانبەرانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان دابەشکرا.

دەستەی دەستپاکی: ئیدارەی نەوفەل عاگوب لە مووسڵ 64 ملیۆن دۆلاریان بردووە

دەستەی دەستپاکیی عێراق بڵاویکردەوە کە ئیدارەی نەوفەل عاگوبی پارێزگاری دووخراوەی نەینەوا64 ملیۆن دۆلاریان لە بودجەی پارێزگاکە بردووە. دەستەی دەستپاکیی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە بەر لە دووخستنەوەی عاگوب لە پۆستی پارێزگاری نەینەوا، لەلایەن داروودەستەکەیەوە نزیکەی60 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە بودجەی نەینەوا ون کراوە. دەستەکە دووپاتی کردووەتەوە کە ئەم بڕە پارە زۆرەی بودجەی نەینەوا لەلایەن کارمەندە نزیکەکانی پارێزگارەوە دزراوە. پێشتر دەستەی دەستپاکیی عێراق لە 11ی ئەم مانگەدا 14 بەرپرس و کارمەندی دیوانی پارێزگاری نەینەوای تۆمەتبار کردبوو بە دزینی پارەی دەوڵەت.

نێچیرڤان بارزانی و حەلبووسی دۆخی سیاسی تاوتوێ دەکەن



بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و محەمەد ئەلحەلبووسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، دۆخی سیاسیی عێراق بەگشتی و دوایین پێشهاتەکانی پارێزگای مووسڵیان بەتایبەتی تاوتوێ کرد و جەختیان لە گرنگیی هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان لایەن و دەزگا پەیوەندیدارەکانی وڵات بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی داعش کردەوە.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە سەرلەبەیانیی دوێنێ سێشەممە 2019/4/23 لە هەولێر بەڕێوەچوو و تیایدا خاتوو د. ڤالا فەرید سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسان ئامادەی بوون، هەردوولا دۆخی ئاوارەکانی عێراقیان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە و جەختیان لەسەر گرنگیی هاوکاریکردنیان لەلایەن حکوومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە کردەوە بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و ناوچە زیانبەرکەوتووەکان ئاوەدان بکرێنەوە. پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، بەردەوامیی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەڕێگەی دیالۆگەوە، تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە و چەند پرسێکی دیکە، بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون.

نێچیرڤان بارزانی و شاندێکی ئەمەریکی دۆخی سیاسی و سەربازیی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



دوێنێ سێشەممە 23/4/2019 لە هەولێر بەڕێوەچوو و بەڕێز ستیڤ ڤاگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان و چەند بەرپرسێکی حکوومەتی هەرێمیش تیایدا بەشدار بوون، پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، قوربانیدانی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، بەردەوامیی ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمەریکاوە، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و تۆکمەکردنی زیاتری پەیوەندییەکان بەتایبەتی لە بواری ئەمنیدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و توندوتیژی، باس کران.

تاوتوێکردنی بارودۆخی گشتیی ناوچەکە، چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ، دوا هەڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی سیاسیی لە عێراق، دۆخی ئێستای سووریا، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، دووپاتکردنەوەی دۆستایەتیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە هەموو بوارەکاندا، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

پەیامی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە سالْیادی بۆردوومانکردن و ڕاپەڕینی شاری قەڵادزێ

لە سالْیادی بۆردوومانکردن و ڕاپەڕینی شاری قەڵادزێ، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

پەیامی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بۆ سالْیادی بۆردوومانکردن و ڕاپەڕینی شاری قەڵادزی

لەرۆژێکی وەکو ئەمڕۆ لە 24ی نیسانی سالی 1974ڕژێمی بەعسیش لەناوچوو بەشێوەیەکی دڕندانە و بەچەکی ناپاڵمێ قەدەغەکراو زانکۆی سلێمانی لە قەڵادزی بۆردوومان کردو سەدان شەهیدو بریندارێ لێکەوتەوە، هەروەها لە 24ی نیسانی 1982کە بۆ یەکەمین جار بوو خەڵکی خۆڕاگری ناوچەیەکی کوردستان لە دژی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری بەعسی عەفلەقی ڕاپەڕینییان ئەنجامداو لەئاکامدا دوو ئافرەتی شۆڕشگێڕ بەناوەکانی (دایکە ئامینە) و (مامۆستا سنەوبەر مەحمود) شەهیدبوون و چەندین هاووڵاتیش زامداربوون و بەدەیان کەسیش دەسگیرکران.

خەڵکی قەڵادزی لەسەرجەم شۆڕش و بەرخودانەکانی کوردستان بەشداریەکی کاراو کاریگەریان هەبووە، خەڵکەکەی هەمیشە لەپێشەوەی سەنگەرەکانی بەرگری و بەرخودان بوون.

بۆردوومانکردنی زانکۆ و خەڵکی سڤیل لە شاری قەڵادزێ، پێشێلکردنێکی ئاشکرای یاساو ڕێساو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بوو، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەهۆی بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتە زلهێزەکانی ئەو کاتە لە ئاست ئەو تاوانە بێدەنگییان هەڵبژاردو ئەم بێدەنگییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگەی زیاتری بۆ ڕژێمی بەعس خۆشکرد کە پلانی گەورەتر دابڕێژێت بۆ جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان تاتاستی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو شاڵاوی ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی هەزاران خەڵکی سڤیلی کوردستان.

دوژمنان وەک هەمیشەو بێ جیاوازی بەیەک چاو تەماشای کوردستان دەکەن و هیچ جیاوازییەک لە نێوانماندا ناکەن، ئەمەش وا دەکات ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان بوو، جەخت لە یەکڕیزی و تەبایی نێوان سەرجەم لایەنەکانی کوردستان دەکەینەوە، چونکە تەنیا یەکگرتوویی ئەمنییان زامنی دووبارەنەبوونەوەی ئەوجۆرە کارەساتانەیە کەبەسەر گەلەکەماندا هاتووون.

ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەین کار لەسەر خزمەتکردنی زیاتری کەسوکاری شەهیدان بکرێت و لە ڕووێ ئاوەدانکردنەوەشەوە خزمەتگوزاریی زیاتر لەو ناوچانەێ کە لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس دووچاری وێرانکاری بوون جێبەجێ بکات.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان

پەیامی حکوومەت لە سالْڕۆژی بۆمبارانکردنی شاری قەڵادزێدا

چل و پێنج ساڵ بەسەر کارەساتی بۆمبارانکردنی شاری قەڵادزێی خۆڕاگردا لەسەر دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق تێدەپەڕێت کە ئاکامەکەی شەهیدبوون و برینداربوونی دەیان ڕۆڵەی گەلەکەمان بوو، جگە لە هەوڵی سڕینەوەی زانکۆی سلێمانی کە ئەو دەمە لە سایەی شۆڕشی ئەیلوولدا لە ئامێزی شاری قەڵادزێی ئازاددا بوو. وێڕای چەندین شاڵاو و هەوڵی کاولکاری و جینۆسایدو شەڕانگێزیی ڕژێمە سەرکوتکارەکانی پێشوو دژ بە کوردستان و گەلەکەی، بەڵام شاری قەڵادزێ وەک سەرجەم شار و شارۆچکە و گوندە خۆڕاگرەکانی کوردستان بە سەربەرزی مایەوە. لە جێگەی زانکۆیەکی زامدار، ئێستا لە کوردستاندا دەیان زانکۆی سەردەمیانەمان هەن.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە و بەردەوام لە خەمی سڕینەوەی کاریگەرییە نەرێنییە ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و فەرهەنگییەکانی ئەو کارەساتە نەخوازراوانەیە کە دەیان ساڵ لەسەر دەستی ڕژێمە ستەمکارەکان لە دژی کوردستان و کوردستانییان ئەنجام دراون و کاری بەردەوام دەکات بۆ بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان و پێشخستنی کۆمەڵگاکەی لە هەموو ئەو بوارانەدا.

لەم یادەدا سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی بۆمبارانی سالی 1974و ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی سالی 1982ی قەڵادزێی خۆڕاگر و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

23/4/2019

جوان یونس ڕۆژبەیانی بۆ خەبات: زۆر بە وردی چاودێریی بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەکەین

زۆربەی کێشەکان بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 چارەسەر دەبن



خەبات: تریفە ئازاد

جوان یونس ڕۆژبەیانی سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی کێشەو گرفتەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دەمانەوێت بەشێوەیەکی کاراتر کار لەسەر کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکەین و بتوانین سوود لەو کرانەوەیە وەربگرین کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە و لە بوارەکانی دیکەی وەک ناردنی شایستە دارایی و مووچەی پێشمەرگە قارەمانەکان و فەرمانبەرانی هەرێمدا ڕەنگیداوەتەوە، ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم کەشی لێکتێگەیشتنە بکەینە سەرەتایەکی نوێ بۆ دووبارە بەکارخستنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەردوولا و بە جددی لەگەڵ بەغدا لەژێر ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا بتوانین ماددەی 140 بە هەموو کایەکانییەوە بخەینە سەر ڕێڕەوی خۆی. زۆر بە وردی چاودێری بارودۆخی ئەو ناوچانە دەکەین، ئاگامان لێیە بارودۆخی هەندێکیان زۆر نالەبارە، پاکتاوکردنی نەتەوەیی لە هەندێک شوێن بەردەوامە، مافی فەرمانبەر و مامۆستای کورد پێشێل دەکرێت، ڕێ لە ئازادی و کاری سیاسییان دەگیرێت، دەمانەوێت هەموو ئەمانە و زیاتریش بە شێوازێکی دروست بکەینە یەک پاکێج و بە هاوکاری حکوومەتی هەرێمی ئێستا و حکوومەتی نوێ بکەینە ئەجێندای لیژنەکەمان و لە دانوستاندنەکان کاری سەرەکیمان دەبێت.

سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ خەبات ڕوونیشی کردەوە: جێبەجێکردنی ماددەی140 زۆر لە وادەی خۆی دواکەوتووە و بەداخەوە حکوومەتە یەک لە دوا یەکەکانی بەغدا بەربەستی زۆریان بۆ دروست کرد و هەندێکیان بە بیرێکی شۆڤێنیانە بەربەستی زۆریان لە ڕابردوودا بۆ ئەم ماددەیە دروست کردووە، هەموو ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە نیشانەی ئەوەیە کە زۆربەی کێشەکان بە جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە چارەسەر دەبن، جگە لەمە پشتگوێخستن و سستی نواندنی بەغدا هیچ لێکدانەوەیەکی تر هەڵناگرێ، چونکە پێشتر نیەتی چارەسەرکردنیان نەبووە، بەڵام ئێستا بە ئومێدەوە دەڕوانینە حکوومەتی بەڕێز عەبدولمەهدی و هیوادارین لە ڕێگەی لیژنە هاوبەشەکانی پەرلەمان و حکوومەتی هەردوولا هەنگاوە دروستەکان دەستپێبکات.

سالم شەبەک: ڕەوشی ئەمنیی پارێزگای نەینەوا زۆر مەترسیدارە

هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراق هیچ پلانێکیان بۆ ڕێگریکردن لەو جوولّە و پیلانەی داعش نییە



نوێنەرێکی پارێزگای نەینەوا دەڵێ، داوامان کردووە هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە دەروروبەری مووسڵ بۆ پاراستنی هاوڵاتییان. دکتۆر سالم شەبەک، پەرلەمانتاری پێشووی عێراق بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ڕەوشی ئەمنیی پارێزگای نەینەوا و داعش ماوەیەکە لە مووسڵ و دەوروبەری خۆی بۆ هێرشکردن و ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی ئاماده دەکات، چەندین جاریش بەغدامان لەو مەترسییانەی داعش لە سنووری نەینەوا ئاگادار کردووەتەوە. ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق لە مووسڵ دەشڵێت: شانەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش بەڕوونی دیارن لە مووسڵ و دەیانەوێ دەستی خۆیان بوەشێنن، بەداخەوە هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراقیش هیچ پلانێکیان بۆ ڕێگریکردن لەو جوولّە و پیلانەی داعش نییە.

دکتۆر سالم شەبەک دەشڵێ: ئێمە و خەڵکی مووسڵیش داوامان کردووە هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ڕەوشەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و پارێزگاری لە خەڵکەکە دەکەن.

نەبێت مووسڵ بە کەس کۆنترۆڵ ناکرێت، حەشد و هێزی عێراق هەر خەریکی کاری خۆیانن و توانای پاراستنی ڕەوشی ئەمنییان نەماوە، ئەگەر بێت و پێشمەرگە بگەڕێتەوە دەوروبەری مووسڵ ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە ڕەوشەکە بەرەو باشتر دەچێت و دەیانەوێ بەسەر ئەو ناوچانەدا زاڵ بن و دەستکەوتەکانیان بپارێزن.

هێمن هەورامی چەپکە گوڵی پەرلەمان پێشکەش بە 11 کەسایەتیی ڕۆژنامەوانی پێش ڕاپەڕین دەکات



دوای نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە2019/4/23 لەمیانی بەشداریکردنی لە شەشەمین فیستیڤاڵی زیوینی زەنگ کە دامەزراوەی زەنگ بەبۆنەی ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لەهۆتێل شیراتۆن لە شاری هەولێر سازی کردبوو، لەمەڕاسیمێکی شایستەدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان، چەپکە گوڵی پەرلەمانی پێشکەش بە 11 کەسایەتیی ڕۆژنامەوانی پێش ڕاپەڕین کرد، وەک ڕێزلێنانێک لەماندووبوونیان و خزمەتکردنیان بە وشەو زمانی شیرینی کوردی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا.

سەرۆکی ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتیی جیهانیی مافی مرۆڤ بۆ خەبات:

چەندین وڵاتمان لە پێشێلکاری و تاوانەکانی داعش و حەشدی شەعبی دەرهەق بە گەلی کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگادار کردۆتەوە

بەفەرمی بانگهێشتی پەرلەمانی نەرویژ کراوین بۆ چۆنیەتی یارمەتیدانی کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان



ڕاپۆرت: هاوار موڕتکەیی

ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی، ڕێکخراوێکە بۆ داکۆکیکردن لە خەباتی ڕێگای دادپەروەری و ئاشتی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە 2018/1/5 لە وڵاتی نەرویژ دامەزراوە و مۆڵەتی فەرمی لەو وڵاتەدا هەیە، دامەزرێنەر و سەرۆکەکەی موحسین محەمەد عەبدوڵا کوردێکی دانیشتووی ئەو وڵاتەیە کە پێشتر بۆ ماوەی 20 ساڵ وەکو وەرگێڕ کاری کردووە و خاوەنی بڕوانامەی وەرگێڕە لە زانکۆی ئۆسلۆ، سەرۆک و دامەزرێنەری ئەو ڕێکخراوە لە دیانەیەکی ڕۆژنامەی خەبات باس لە ئامانج و چالاکییەکانیان دەکات.

سەرەتا موحسین محەمەد سەرۆکی ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی گوتی: ئەوانەی لە ڕێکخراوەکەمان کاردەکەن هەموویان کەسانی خۆبەخشن و هەموو نەتەوەیەکی تێدایە، نوسینگەی سەرەکییمان لە شاری کۆنگسبێرگە لە وڵاتی نەرویژ، کاک شۆڕش جێگری ڕێکخراوە و لە بواری کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕاوێژکارەکان بریتین لە پەیام محەمەد کە قوتابی ماستەرە لە بواری کۆمەڵناسی لە وڵاتی نەرویژ، ئاڤێستا محەمەد ئەندازیاری تاقیگەی پزیشکی لە نەرویج، لانە شۆڕش باواجی نوێنەری ڕێکخراوەکەمانە لە وڵاتی سویسرا، نووسینگەمان هەیە لە وڵاتی میسر و لێپرسراوی نووسینگە عەلی محەمەد ئەلشامی.

لەبارەی چالاکییەکانیشمان، ڕێکخراوەکەمان تاکە ڕێکخراوی سەربەخۆ بوو لە بواری مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی عێراقی کرد لە ئۆسلۆ، ئەوە یەکەم سەرکەوتنمان بوو، لە وڵاتی ئەڵمانیا توانیمان ژیانی ئافرەتێکی کورد لە کوشتن ڕزگار بکەین، بە فشار خستنە سەر حکوومەتی ئەڵمانیا ئەوە بە بڕوای ئێمە گەورەترین سەرکەوتن بوو بۆ مرۆڤایەتی و بۆ ڕێکخراوەکەمان وێژدانمان زۆر زۆر ئاسوودەیە بەو چالاکییە، ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە دژی سزای سێدارە لە ئێران و داواکاری بۆ ئازادکردنی بەندکراوی سیاسی ڕامین حوسێن پەناهی، کە دواتر لە سێدارەدرا و چووە ڕێزی کاروانی شەهیدانی ئازادی، لە شاری درامن لە نەرویژ یەکەم کۆنفراسی سالانەی خۆمان ئەنجامدا بە ئامادبوونی چەندین چالاکوانانی مەدەنی.

هەروەها سەرۆکی ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ زیاتر گوتی: بەرگریکارێکی سەرسەختی خەباتی ڕێگای دادپەروەری و ئاشتی جیهانین بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەفەرمی چەندین بالیۆزخانەی وڵاتانی جیهانمان ئاگادار کردۆتەوە لە پێشێلکارییەکان و تاوانەکانی داعش و حەشدی شەعبی دەرهەق بە گەلی کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی ناوەڕاست بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی، بەفەرمی بانگهێشتی پەرلەمانی نەرویژ کراوین لەبارەی چۆنیەتی یارمەتیدانی کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە لایەن پارتی سۆسیالیستی چەپی نەرویژی لە 2019/5/14 هەروەها بەنیازین و لە هەوڵدابن بۆ ئەوەی بەفەرمی لە کوردستاندا نوسینگەیەک بکەینەوە و بۆ ئەم مەبەستەش مافپەروەر برباس محەمەد تاهیر، سەرپەرشتی نوسینگەکەمان دەکات لە کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتێک بە خەڵکی کوردستان بگەیەنین.

لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەرهێڵین بۆ ئەوەی ڕێنماییمان بکەن لە کاروچالاکییەکانی داهاتوومان، چونکە ڕێکخراوەکەمان سەربەهیچ نەتەوە و وڵات و حیزب و حکوومەتێکی جیهان نییە، بەتەواوی سەربەخۆین و ئامانجی سەرەکییمان دادپەروەری و ئاشتی جیهانە، ئێمە چەندین بەیاننامەمان دەرکردووە لە دژی کردوە تیرۆریستییەکان لە دژی خەڵکی بێ تاوان، هەر وەکو ئەوەی کە لە مالیزیا کەسێکی بەڕەگەز ئوسترالی هێرشی چەکداری کردە سەر موسڵمانانی ناو دوو مزگەوت، وەهەروەها بەیاننامە لە دژی هێرشی تیرۆریستی چەکداری لە دژی کەسانی بێ تاوان لە میسر، زۆر شتی تر لە بەرنامەمان دا هەیە کە نامەوێ هەمووی لێرەدا باس بکەم، چونکە کەسانی نەفس نزم و دەروون نەخۆش هەن کە لە پێناوی گیرفانی خۆیان چەندین شتی سەیر و سەمەرەیان بە ناوی خۆیان تۆمارکردووە کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندیەکیان بە مافی مرۆڤەوە نییە، تەنها کۆمپانیای پارە پەیداکردنن و بۆ قۆڵبڕینی خەڵکی سادە و ساکاری کوردستان خۆیان مەڵاس داوە، هەر بەم بۆنەوە ئەوە بوو لە تەمووزی ساڵی 2018 وەزیری ناوەخۆ، وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، بەشی یاسایی هەموو ئەولایەنە پەیوەندیدارانەمان ئاگادار کردۆتەوە کە کەسانێک خەریک بوون لە کوردستان بڕوانامەی ماستەر و بڕوانامەی تر کە هەر هەمووی ساختەن لە مالپەکەی خۆیان دروستی دەکەن و بیدەن بە خەڵکی کوردستان، کە بە نیازبوون و بەرنامەیان هەبوو لە پایتەختی هەرێمی کوردستانی خۆشەویست بڕوانامەی ساختە بە بڕی 250 دۆلار بدەن بە خەڵکی کوردستان. ئەوەش لەسایەی دڵسۆزی و ویژدان پاکی خۆمان و هێزەکانی ئاسایشی هەرێم کارە ساختەکاریەکانیان سەری نەگرت، ئەوەش بە بڕوای من هەرچەندە چالاکییەکی بچووک بوو بەڵام سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ڕێگری کردن لە سەرپێچی کردن لە مافی مرۆڤ و پاراستنی گیرفانی خەڵکی.



هەوڵی کەنارگیریی عادل عەبدولمەهدی لە ئارادایە

پێکهێنانی لیستی زۆرینە و گەڕانەوەی شکستخواردووەکانی هەڵبژاردن دۆخی وڵاتێ ئاڵۆزتر دەکات



خەبات: زانکۆ محەمەد

سەرباری تێپەڕبوونی شەش مانگ بەسەر پێدانی متمانە بە حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی، جگە لە سیاسەتی دەرەوەو کرانەوە بەڕووی دەوڵەتانی دەوروبەردا، واپێدەچێت پرۆگرامی حکوومەتەکە پەکخراوە. بەگوێرەی ڕۆژنامەی عەرەبی جەدید، سەرچاوە سیاسییەکان دواکەوتنی بەندەکانی پرۆگرامەکەی حکوومەتی عێراق ئێستا بۆ چەند هۆکارێک دەگێڕنەوە، کە پەیوەستن بە گەندەڵی، ململانێ سیاسییەکان، ناکۆکییەکان سەبارەت بەشەرعیبوونی چەند وەزیرێک. لەلایەکی دیکە هەریەک لە هاوپەیمانێتییەکانی نەسر، دەوڵەتی یاسا و ڕەوتی حیکمە لەسەر هەماهەنگی نێوانیان بۆ پرسە سیاسییەکان ڕێککەوتوون و خۆیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق ئامادە دەکەن.

گەندەڵی و وەزیری ناشەرعی

سەرچاوەیەکی پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد هەندێک فراکسیۆنی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەیان بە دواکەوتنی جێبەجێکردنی زۆرینەی بڕگەکانی پرۆگرامی حکوومەتی عێراقی کردووە، دیارترین بەربەستیش پەیوەستە بە توانستی حکوومەت لە هەڵدانەوەی لاپەڕەی دۆسیە گەورەکانی گەندەڵی. سەرچاوەکە وتیشی: پرسی ناشەرعیبوونی هەندێک وەزیر بەو تۆمەتەی ئەندامی حزبی بەعس بوون کە ئێستا لە عێراق ڕەتکراوەیە، پرسی دیکەش کە پەیوەستن بە دوورخستنەوەی هەندێک وەزیر بەهۆی لاگیری خزمەکانیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ داعش و گرمانەی لێپێچینەوە لە هەندێکی دیکەیان، چەند پرسێکن لەوانەیە ئاستەنگ بخەنە بەردەم دامەزراوەکانی سەر بەو وەزارەتانە کە ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر پراکتیزەکردنی پرۆگرامی حکوومەتەوە.

ململانێ و ساختەکاری

سەرچاوەکە گوتیشی: ململانێ سیاسییەکان لە پێناو پۆستەکان حکوومەتی کۆت و بەند کردووە، ئەمەش دوای مکوڕبوونی هەندێک فراکسیۆنی ئەوڕە لە بەدەستهێنانی چەند پۆستێکی وەزاری دیاریکراو، ئەوەشی دووپاتکردەوە کە ململانێکان لەسەر پۆستە باڵاکان و پلە تایبەتەکان و باڵوێزەکان بەردەوامی هەیە. پەرلەمانتارێک واپێشبینی دەکات کە هاوپەیمانییەکی تازە لە پەرلەماندا پێکبێت، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە حکوومەت کون و کەلەبەر و درزی زەبەلاحی هەن کە پێویستیان بە دووبارە ئاراستەکردنەوە و پاڵاوتن هەیە، چونکە وەزیری وای تێدان کە بەشێوەیەکی نادەستووری و نایاسایی ساختەکاریان کردووە، ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێکیان لە ڕووی لێوەشاوەییەوە لاوازن و خاوخلیچکن لە کارکردن لەسەر پرۆگرامی حکوومەت.

سستیی کاروبارەکانی حکوومەت

لای خۆشیەوە یەکێک لە سیاسییەکان وای دەبینێت کە ماوەی 6 مانگ بەس نییە بۆ حوکمدان لەسەر سەرکەوتنیان شکستی پرۆگرامەکەی حکوومەت، ڕوونیشی کردۆتەوە کە حکوومەتی ئێستا بەلایەنی کەمەوە پێویستی بە سااڵێک هەیە تاوەکو هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی کاری بکرێت. گوتیشی ئەمەش واتای ئەوە نییە حکوومەت بێ کەموکوڕی بێت لە هەڵە و خاوخلیچی لە هەندێک دۆسیەدا، ڕوونیشیکردەوە داوا لە حکوومەت دەکرێت چەند دۆسیەیەکی کەلەکەبووی گەندەڵی ئاشکرا بکات کە وایان کردووە عێراق لەسەر ئاستی جیهانی و لە لیستی دەستپاکیدا لە بنی بنەوەی لیستەکە بێت.

گەڕانەوەی شکستخواردووەکان

پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانێتی نەسرین ئاشکرای دەکات، هاوپەیمانێتییەکانی نەسر، هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا ڕەوتی حیکمە لەسەر هەماهەنگی نێوانیان بۆ پرسە سیاسییەکان ڕێککەوتوون. ئاماژەی بەوەش داوە، پێشبینی دەکرێت هەریەک لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکی هاوپەیمانێتی نەسر، نووری مالیکی، سەرۆکی هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا و عەمار حەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمە کۆببنەوە. هاوکات سەرچاوەیەک لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاندووە، ئەو لایەنانەی خەڵک سزای داون یاخود پۆستی حکومیان بەرنەکەوتووە، هەوڵدەدەن لەم خولەی پەرلەماندا ببنە ئۆپۆزیسیۆن.

لێکترازان

بەهۆی کێشە و ناکۆکی نێوان هاوپەیمانێتییەکان لەسەر پۆستە حکومییەکان و یەکتر قبوولنەکردن، هەردوو هاوپەیمانێتی چاکسازی و بوونیاد ڕووبەڕووی لێکترازان دەبنەوە، پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانێتی نەسرین ئاماژە بەوەدەکات، هەریەک لە هاوپەیمانێتییەکانی نەسر، دەوڵەتی یاسا و ڕەوتی حیکمە لەسەر هەماهەنگی نێوانیان بۆ پرسە سیاسییەکان ڕێککەوتوون و هاوپەیمانێتییانە کۆببنەوە. نەدا شاکر جەودەت، پەرلەمانتاری هاوپەیمانێتی نەسر ڕایگەیاند، بەشێکی زۆر لەلایەنەکان پێشنیازی هاتنەناوەوەی ئەو هەماهەنگییەی نێوان هاوپەیمانێتییەکانی نەسر، بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی، هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی و ڕەوتی حیکمە بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیمیان کردووە. سەبارەت بە هەماهەنگییەکانی نێوان ئەو سێ لایەنە ئەو پەرلەمانتارەی هاوپەیمانێتی نەسر ئاشکرایکردووە، پێشبینی دەکرێت هەریەک لە عەمار حەکیم، نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی بۆ هەماهەنگی زیاتر لەنێوانیان کۆببنەوە. هاوپەیمانێتی چاکسازی و بوونیاد ڕووبەڕووی لێکترازان دەبنەوە، پەرلەمانتارێکی هاوپەیمانێتی نەسرین ئاماژە بەوەدەکات، هەریەک لە هاوپەیمانێتییەکانی نەسر، دەوڵەتی یاسا و ڕەوتی حیکمە لەسەر هەماهەنگی نێوانیان بۆ پرسە سیاسییەکان ڕێککەوتوون و هاوپەیمانێتییانە کۆببنەوە. نەدا شاکر جەودەت، پەرلەمانتاری هاوپەیمانێتی نەسر ڕایگەیاند، بەشێکی زۆر لەلایەنەکان پێشنیازی هاتنەناوەوەی ئەو هەماهەنگییەی نێوان هاوپەیمانێتییەکانی نەسر، بە سەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی، هاوپەیمانێتی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نووری مالیکی و ڕەوتی حیکمە بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیمیان کردووە. سەبارەت بە هەماهەنگییەکانی نێوان ئەو سێ لایەنە ئەو پەرلەمانتارەی هاوپەیمانێتی نەسر ئاشکرایکردووە، پێشبینی دەکرێت هەریەک لە عەمار حەکیم، نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی بۆ هەماهەنگی زیاتر لەنێوانیان عێراق دەردەبڕێت و موقتەدا سەدر دەڵێت: من هەوڵی چاکسازییەکی باش بەبێ بەکارهێنانی چەک بۆ لەناوبردنی تەواوی پەتایە بەربڵاوەکانی نێو گەل دەدەم. سەدر لە بەیاننامەکەدا ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە کە ئاخۆ بۆ پرسی چاکسازی جارێکی دیکە پەنا دەباتەوە بەر شەقام و دووبارە ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ملیۆنی یان ڕێگەی دیکە دەگرێتەبەر؟. لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا موقتەدا سەدر، لەهەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، هەڵمەتێکی دیکەی بۆ چاکسازی لە عێراق و ئاشتەوایی نێوان خەڵک ڕاگەیاند. لەو تویتەدا سەدر نوسیوویەتی زۆر هەوڵمدا لە سیاسەت دووربکەومەوە و تەنیا خۆم بۆ ئەرکە ئاینییەکان تەرخان بکەم، پێشتریش لە ڕێگەی خۆپیشاندان و وتار و مانگرتنەوە هەوڵم بۆ ڕووخانی هەموو بنچینە چەوتەکانی سیاسەت داوە، ئەمڕۆش بەبێ بەکارهێنانی چەک، هەوڵ بۆ چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان گەلانی عێراق دەدەم.

تۆڕەبوونی سەدر

ڕێبەری ڕەوتی سەدر لەبارەی دۆخی ئێستای عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند دۆخی ئێستای وڵات نوقمی گەندەڵی و مەزهەبییەت و ململانێی سیاسی بووە و خەریکە هەزارە لادەرەکان و ڕەفتارە هەڵەکان گەلی عێراق ڕابماڵێت. لە بەیاننامەیەکدا بە ناوی لاوەندنەوەی خەم نیگەرانی لە قۆڵ لە دۆخی حوکمڕانی لە عێراق دەردەبڕێت و موقتەدا سەدر دەڵێت: من هەوڵی چاکسازییەکی باش بەبێ بەکارهێنانی چەک بۆ لەناوبردنی تەواوی پەتایە بەربڵاوەکانی نێو گەل دەدەم. سەدر لە بەیاننامەکەدا ئەوەی ڕوون نەکردووەتەوە کە ئاخۆ بۆ پرسی چاکسازی جارێکی دیکە پەنا دەباتەوە بەر شەقام و دووبارە ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ملیۆنی یان ڕێگەی دیکە دەگرێتەبەر؟. لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا موقتەدا سەدر، لەهەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، هەڵمەتێکی دیکەی بۆ چاکسازی لە عێراق و ئاشتەوایی نێوان خەڵک ڕاگەیاند. لەو تویتەدا سەدر نوسیوویەتی زۆر هەوڵمدا لە سیاسەت دووربکەومەوە و تەنیا خۆم بۆ ئەرکە ئاینییەکان تەرخان بکەم، پێشتریش لە ڕێگەی خۆپیشاندان و وتار و مانگرتنەوە هەوڵم بۆ ڕووخانی هەموو بنچینە چەوتەکانی سیاسەت داوە، ئەمڕۆش بەبێ بەکارهێنانی چەک، هەوڵ بۆ چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان گەلانی عێراق دەدەم.



پەیامی د. بەشیر حەداد بەبۆنەی ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە

بەناوی خوای گەورەو مەزەبان

ئەمڕۆ وا 121 ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر چاپکردن و باڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، ئەو مێژووە خۆتناوییەی کورد کە ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و جینۆساید و قڕکردن هاتووە. بۆ ئەوە بووە کە دانگ هەڵنەهێنێت و پەیامی کوردانەی خۆی بە جیهان نەگەێنێت. بەاڵم دەنگی کورد بە هیچ هێزێک کپ ناکرێت و لە 22ی نیسانی 1898ی زایینی، لە قاهیرە و لەلایەن میقداد مەدحەتبەدرخانەوە، بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەیەک بە ناوی کوردستانەوە ژمارە سفری چاپ و باڵاوەکرێتەوە. کە ئەمە دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان بە ڕووی کاری ڕۆژنامەگەری کوردییەوە بە شێوەیەکی فەرمی و تێکەڵبوونەوەی بەو فەزا ڕۆژنامەگەرییەی ئەو سەردەمە. خۆشبەختانە لە ئێستادا کیانێکی سیاسی هەیە، کە بە نازادانە کاری ڕۆژنامەگەری کوردی تێدا ئەنجام دەدرێت تا ڕادەی کاری ڕاگەیاندکاری ستانداردی جیهانی.

بەو پێیەی کاری ڕاگەیاندن لە ئێستادا وەها ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، کە مانای داوەتە گشت جومگەکانی دیکەی کۆمەڵگا، بۆیە دەبێت کاری ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان لە ئاست ئەو بەرپرسیارییەتە دا بن و بە ئەمانەتەوە پێنووسەکانیان بەکاربێنن و بینە زامنی بەردەوامبوونی کۆمەڵگەی کوردی. جێگای خۆیەتی کە کاری ڕۆژنامەگەری کوردی وەک شۆڕشێک ببینین لە بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتیمانیدا، چونکە لە هەموو سەردەمەکاندا لە تەک پێشمەرگە قەرەمانەکانماندا و کاری سیاسی و دیپلۆماسیدا، وەها بوونی خۆیان پێشمەرگەئاسا سەلماندووە کە جێگای دەستخۆشی و فەخرپێکردنن. دەبێت کار بکرێت بۆ زیاتر پاراستنی ماف و ژیانی ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی ئەو بڵندگۆیە بەباشی و ڕاستی دەنگی کوردان بگەیەنێت.

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
21ی نیسانی 2019

پەیامی لقی 11 لە یادی کارەسات و ڕاپەڕینی 1974/4/24دا

جەماوەری کوردپەروەر و شۆڕشگێڕی کوردستان.
پشدەری مەکۆی کوردایەتی.
بنەماڵە و کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان.

45 ساڵ لەمەوبەر لە 1974/4/24 ڕژێمی بەعسی فاشی بە چەکی ناپاڵمی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی شاری قەاڵدزێ و زانکۆ تاقانەکەی کوردستانی خەڵتانی خوێن کرد، لە ئەنجامی بۆمبارانی فڕۆکە مەرگهێنەکانی ڕژێم 163هاواڵتی شەهید بوون کە لەناویاندا 20یان قوتابی زانکۆبوون، هەروەها بووە هۆی بریندارببوونی زیاتر لە 200 هاواڵتی و بە دەیان خانوو دوکان لەگەڵ زەوی تەختبوون.

کارەساتەکە هێندە گەورە بوو بووە جێگای بایەخی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان، وە لەلایەن سەرۆک و باوکی ڕوحی نەتەوەییمان "بارزانیی نەمر" ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی "ماتەمینی گەلی کوردستان" ناودێرکرا. لە ساڵی 1982 یادی کارەساتی قەاڵدزێ بوە خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەرفراوان کە تیایدا چەندان شەهید و بریندار لێکەوتەوە و دەیان گەنج و هاواڵتی و کەسایەتی شارەکە لەلایەن دام و دەزگاکانی بەعسەوە گیران و زیندانی کران، دواتر ئەم خۆپیشاندانە پەرینەوە بۆ شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان.

بە شانازییەوە ڕێکخستنەکان و جەماوەری پارتیمان ڕۆڵی کارا و بەرچاویان هەبوو لە سازدانی جەماوەری شارەکان بۆ خۆپیشاندان و پێشەنگی خۆپیشاندەران بوون.

لەدوای ڕاپەڕینیش ساڵانە ئەم یادە بەرز و پیرۆز ڕاگیراوە، لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیەک لەلایەن فراکسیۆنی پارتیمانەوە گەاڵڵەکرا و دواتر درایە سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەک شەمە ڕێککەوتی 2013/2/10 بە سەرۆکایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بڕیاردرا 4/24 بکرێتە ڕۆژی شەهیدانی زانکۆ.

لە ساڵیادی 45 ساڵەی کارەساتی 1974/4/24 و37 ساڵەی خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی 1982/4/24.

ڕووی دەمان دەکەینە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێم کوردستان گرنگی زیاتر بەو دەڤەرە بدەن، کە لە ئاستی خۆڕاگری و مێژووی پڕ سەروەری ئەم دەڤەرە بێت، بەتایبەتی:

- بەنێودەوڵەتی کردنی مەرزی کێاڵن.
- تەواوکردنی دوو سایدی نێوان ڕانیە و قەاڵدزێ.
- تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت و شیاو بۆ ئاوەدانکردنەوەی زیاتری سنورەکەمان.
- خزمەتکردنی زیاتری شارەکە و دەڤەرەکە لە بواری جیاوازەکانی (زانستی، ڕۆشنبیری، هونەری، کلتوری، بازرگانی، فەرهەنگی... هتد).
- لە چوارچێوەی مادەیەک بەناوی جینۆساید و ئەنفالی کوردستان 1974/4/24 بکرێتە مادەیەکی خوێندن و لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت.
- هەزاران سااڵو لە گیانی پاکی شەهیدانی 1974/4/24 و 1982/4/24 و تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و سەرقافڵە و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد.

لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان

یونیسێف: لە هێرشە تیرۆریستییەکانی سریلانکادا 45 منداڵ کوژراون و دەیان منداڵی دیکەش بریندارببوون



سندوقی هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیسێف) ڕایگەیاند کە لەو هێرشە تیرۆریستیانەی ڕۆژی یەکشەمە لە سریلانکا ڕوویاندا، 45 منداڵ کوژراون کە پێنجیان بیانیی بوون. گوتەبێژی یونیسێف، کریستۆف بۆلیراک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری جنێڤ، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زۆر شۆک بوون و نیگەرانن بە هۆی ئەو هێرشە تیرۆریستییە تۆقێنەرانەی ڕۆژی یەکشەمە لە سریلانکا کرایە سەر کڵێسا و هۆتێلەکان و ڕاستەوخۆ خێزان و منداڵانیان کردە ئامانج.

کریستۆف بۆلیراک ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی هێرشەکەی سەر کڵێسای سانت سبستیان،27 منداڵ کوژراون و 10 منداڵی دیکەش بریندارببوون و لە هێرشەکەی باتیکالوا-شدا،13 منداڵ کوژراون و 15 منداڵی تەمەن 7 بۆ 16 ساڵیش بریندارببوون و لە نەخۆشخانەکان خراونەتە ژێر چاودێریی پزیشکەوە. گوتەبێژی یونیسێف ئاماژی بەوەدا کە لەنێو ئەو منداڵانەی لە پەلامارەکاندا کوژراون، پێنج منداڵی بیانییان لەنێودایە و بەگشتی 45 منداڵ لە هێرشەکاندا کوژراون.

کریستۆف بۆلیراک ڕاشیگەیاند 20 منداڵیش کە لە ئەنجامی تەقینەوەکانی کۆڵۆمبۆی پایتەختدا بریندارببوون لە نەخۆشخانەکان چارەسەریان بۆ ئەنجام دەدرێت و چواریان بڕینەکانیان سەختە. لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی بەرگری سریلانکا ئاشکرایکرد، هێرشە تیرۆرستییەکانی سەر وڵاتەکەی "لە تۆڵەی هێرشی سەر دوو مزگەوتەکەی نیوزیلاند بووە". جێی باسە ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو، هەشت تەقینەوەی یەک بەدوای یەک لە کۆڵۆمبۆی پایتەختی سریلانکا لە ژمارەیەک هۆتێل و کڵێسا ڕووياندا، بەهۆیانەوە 321 کەس کوژران و 521 کەسی دیکەش بریندارببوون.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا کۆتایی ساڵ قەرزی بەڵێندەران دەداتەوە



بەرپرسێکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ئاشکرای دەکات، بڕیار وایە تاوەکوو کۆتایی ئەمساڵ، بە دوو شێوە حکوومەت 400 ملیۆن دۆلاری تر بۆ بەڵێندەران خەرج بکات و قەرزەکانی کۆتایی پێ بهێنێت.

مەلا یاسین مەحمود، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان و گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە باسی راگەیاندوە، حکوومەت بڕیاری داوە ئەمساڵ سەرجەم قەرزەکانی وەبەرهێنەران بداتەوە، گوتی: «لەدوای قەیرانی دارایی، قەرزی بەڵێندەران بە ئاستێکی بەرچاو دابەزیوە، زیاتر لە 300 ملیۆن دۆلاریان بۆ خەرج کراوەتەوە.»

ڕوونیشی کردەوە، حکوومەت چوار جۆر قەرزی بەڵێندرانی لایە، گوتی: «قەرزی بوودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، قەرزی بوودجەی وەبەرهێنان، قەرزی سندووقی نیشتەجێبوون، قەرزی پترۆدۆلار.

ئاشکراشی کرد، تاوەکوو ئێستا ئەوەی حکوومەت دەیداتەوە قەرزی بوودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانە، گوتیشی: «تاوەکوو ئێستا قەرزی نیشتەجێبوون و قەرزی پترۆدۆلاری نەداوتەوە، بڕیار وایە تاوەکوو مانگی 8ی ئەمساڵ، قەزری بەڵێندەران لە جۆری پەرەپێدانی پارێزگاکان و بوودجەی وەبەرهێنان کۆتایی پێ بهێنێت و پاکتاوی بکات.

مەلایاسین، دووپاتی کردەوە، بە 200 ملیۆن دۆلاری تر قەرزی بوودجەی پەرەپێدان و وەبەرهێنان کۆتایی دێت، دەشڵێت: «ئەو 200 ملیۆن دۆلارەی تاوەکوو مانگی 8دەدرێتەوە، دوای ئەوە تا کۆتایی ساڵ قەرزی سندووقی نیشتەجێبوون 100 ملیۆن دۆلاری پێوێستە بدرێتەوە، بۆ پترۆدۆلاریش 100 ملیۆن دۆلار، بڕیار وایە تا کۆتایی ئەمساڵ ئەم دوو قەرزەش بدرێنەوە.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان، پێی وایە: »بەهۆی هەوڵەکانی وەزارەتی دارایی و حکوومەت، تواندراوە ئەرکی قورسی سەرشانی وەبەرهێنەران و بەڵێندەران سووک بکرێت و لە ماوەی 5 مانگدا 200 ملیۆن دۆلار بدرێتەوە بەڵێندەران، چەند بەڵێندەرێکیش لە مایەپووچبوون رزگاریان بێت.

مەلا یاسین ئاماژە بەوە دەکات، حکوومەت خەریکە لە دەست قەرزەکانی کەرتی تایبەت رزگاری بێت، پێی وایە، بە رزگاربوون لەو قەرزانە، حکووومەت هەنگاوی باش بۆ فەرمانبەران دەست پێ دەکات.

پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازییا شاندەکێ ڕۆژنامەنقیسێن کر

خەبات/ دهۆک:

دوهی سپێدێ 2019/4/23 فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازییا شاندەکێ لقێ دهۆک یێ سەندیکا ڕۆژنامەنقیسێن کوردستانێ ب سەرۆکاتیا ڤیان عەباس کر.

دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماژەبونا خوشناڤ جمیل ئەندامێ ئەنجومەنێ سەندیکا ڕۆژنامەنقیسێن کوردستانێ ل پارێزگەها دهۆکێ بەحسێ 121 سالیا ڕۆژنەماگەریا کوردی و 21 سالیا دامەزراندنا سەندیکا ڕۆژنامەنقیسێن کوردستانێ و ئەو کار و چالاکییێن بڤێ هەلکەفتێ هاتینە ئەنجامدان و ڕەوشا سەندیکا ڕۆژنامەنقیسێن کوردستانێ لقێ دهۆک و بەرنامێن وان بو ئەنجامدانا چەند چالاکییێن ڕۆژنامەڤانی و ڕەوشەنبیری ل ڕۆژێن بهێت هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ بناڤێ خو و کارگێریا پارێزگەهێ 121 سالیا ڕۆژنامەڤانیا کوردی و 21 سالیا دامەزراندنا سەندیکا ڕۆژنامەنقیسێن کوردستانێ ل هەمو ڕۆژنامەڤان و میدیاکاران پیروزکر و تەکەزی ل سەر ڕولێ گرنگ یێ ڕاگەهاندنێ و میدیاکارا کر کو برەنگەکێ پیشەیی سەرەدەرێ دگەل هەمو پێشهات و بویەران بکەن و پەیاما خو یا ڕاستەقینە یا ڕۆژنامەڤانی بگەهینە جهێن بەرپرس.

هەروسا بەردەوام خو پێشبێخن وسەرکەفتن بو هەمو ڕۆژنامەڤان وسازیێن ڕاگەهاندنێ خواست وپشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ بو وێ یەکێ کار وپیشەیێ ڕۆژنامەڤانان بهێتە پێشئێخستن.

هەژی گوتنێ یە ل 22 نیسانا سالا 1898 ئێکەم ڕۆژنامە کوردی بناڤێ کوردستان ل پایتەختێ مسرێ قاهیرە ژلایێ مقداد مدحت بدرخان هاتبو دەرئێخستن.



هەولێر... پێشانگایەکی نیگارکێشی تایبەت بە ژینگە کرایەوە



دۆلاری پێویستە بدرێتەوە، بۆ پترۆدۆلاریش 100 ملیۆن دۆلار، بڕیار وایە تا کۆتایی ئەمساڵ ئەم دوو قەرزەش بدرێنەوە.

ئەندامەکەی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان، پێی وایە: »بەهۆی هەوڵەکانی وەزارەتی دارایی و حکوومەت، تواندراوە ئەرکی قورسی سەرشانی وەبەرهێنەران و بەڵێندەران سووک بکرێت و لە ماوەی 5 مانگدا 200 ملیۆن دۆلار بدرێتەوە بەڵێندەران، چەند بەڵێندەرێکیش لە مایەپووچبوون رزگاریان بێت.

مەلا یاسین ئاماژە بەوە دەکات، حکوومەت خەریکە لە دەست قەرزەکانی کەرتی تایبەت رزگاری بێت، پێی وایە، بە رزگاربوون لەو قەرزانە، حکووومەت هەنگاوی باش بۆ فەرمانبەران دەست پێ دەکات.

بە بەشداری زیاتر لە 200 کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی، فێستیڤاڵی بەهار بۆ بازاڕکردن لە شاری سلێمانی کرایەوە



فێستیڤاڵی بەهار ماوەی11 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

لە ڕێورەسمی کردنەوەی فێستیڤاڵەکەدا کە لە هۆڵی پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی بەڕێوەدەچێت، ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و بازرگانی ئامادەبوون، شاندێکی ژووری بازرگانی پارێزگای دیاربەکر-ی تورکیاش بۆ بەشداریکردن لە ڤێستیڤاڵەکەدا هاتۆتە شاری سلێمانی و ئامادەی ڕێورەسمی کردنەوە بوون.

سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی، سیروان محەمەد لەوبارەیەوە گوتی: ڤێستیڤاڵەکە بەهارەیە و بە بۆنەی نزیکبوونەوەی مانگی ڕەمەزانەوەیە کە تیایدا زیاتر لە 200 کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی بەشداربیان کردووە و کالا و شتومەکەکانیان نمایشکردووە.

سیروان محەمەد گوتی: ئامانج لە کردنەوەی ڤێستیڤاڵەکە بۆ سوودمەندبوونی هاوواڵاتییانە بە تایبەت دانیشتوانی شاری سلێمانی، تاوەکو کالاکانیان بە نرخێکی هەرزانتر لە بازاڕ دەست بکەوێت و ڕاستەوخۆ لە کۆمپانیاکانەوە ئەو شتانەی دەیانەوێت بەدەستی بهێنن، هەروەها کۆمپانیاکانیش زیاتر لە لای هاوواڵاتییان بناسرێن.

ئەو باسی لەوەش کرد، بەشێکی دوێنێ سێشەممە، بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت و دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر، پێشانگایەکی نیگارکێشی تایبەت بە ژینگە کرایەوە. لە پێشانگەکەدا سەرەڕای ئەوەی کە بە دەیان نیگاری ڕەنگاڵەیی و مندالانەی تایبەت بە پاراستن و خۆشەویستی ژینگە نیشان دران، مندالانی باخچەی ئەوین چەند گۆرانییەکی خۆشیان پێشکەش کرد و دواتر جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری پەروەردە گفتوگۆیەکی کراوەیان لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانەی مەتین کرد کە پێشانگاکەی تێدا کرابووەوە.

کاریکی باشە تاوەکو کۆمپانیاکان بتوانن ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کڕیاران بکەن و زیاتر کالا و شتومەکەکانی خۆیان لەو ڕێگەیەوە بناسێنن.

زۆربەی ئەو کالایانەی لە لایەن کۆمپانیا بەشداربووەکانەوە لە فێستیڤاڵەکەدا نمایش کراون لە بواری خواردەمەنییە و کالا و کەلوپەلی بیانین.

لەسەنتەری پسپۆڕی هەولێربۆ پزیشکی دەم و ددان ڕۆژانە نزیکەی 100 نەخۆش چارەسەری ددانی بۆ دەکرێت



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی:

سەنتەری پسپۆڕی هەولێر ماوەی ساڵێک و نیوە دامەزراوە و ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری نەخۆشانی دەم و ددان بەمەبەستی چارەسەر ڕووی تێدەکەن، بارزان عوسمان ئیسماعیل بەڕێوەبەری کارگێڕی سەنتەرەکە گوتی: ئەو کەسەی کە سەرەتا دێتە ئەو سەنتەرە، یەکەمین جار پشکنین بۆ دڕانەکانی دەکرێت دواتر پزیشکی تایبەت پشکنینەکەی بۆ دیاری دەکات جا هەرجۆرە پشکنینێک بێت لەڕووی نەشتەرگەری یاخود دەرهێنانی ددان یان دەمارپرین و پڕکردنەوە، بۆ ئەو چارەسەرانەش لە سەنتەرەکەدا، چەند بەشێکمان هەیە و بەپێی پێویست بوونی نەخۆشیەکەی سەردانی ئەو بەشە دەکات کە پێویستی پێیەتی، یەکێک لە بەشەکان، بەشی دەرهێنانی ددانە، لەگەڵ دەمارپرین ئەویش بە دووجار کارەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ بەشی چارەسەری دەم وددانی منداڵان و لەو بەشەدا هەموو ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان یەک تا 12 ساڵە چارەسەریان بۆ دەکرێت بە هەموو جۆرەکانی چارەسەرەوە.



بەردەوامی ئەو ئامێرانە و ئاو و دەرمانی تایبەت بەکار دەهێندرێت بۆ ئەوەی ئەو ئامێرانە بە پاک و خاوێنی ڕابگیرێت. وەکو ئاماژەمان پێدا لە سەنتەرەکەماندا بەشێکی تایبەتمان بۆ چارەسەرکردنی دەم و ددانی منداڵان هەیە و هەموو منداڵانی ناوەوە و دەوروبەری هەولێر لە لای ئێمە چارەسەریان دەکرێت، جگە لەوەش تیمی گەڕۆکمان هەیە و لە ژمارەیەک پزیشک و کارمەندی تەندروستی پێک دێن و سەردانی شوێنی جیاجیا دەکەن و سەردانی تۆندوتیژی ئافرەتانمان کرد بەمەبەستی چارەسەرکردن و ئامێر و داو و دەرمانی پێویستمان برد و توانیمان چەندین کەس چارەسەر بکەین ئەوەی کە لەوێ چارەسەر نەکرا لەگەڵ خۆمان هێنامان بۆ چارەسەرکردن و هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی تیمی تایبەتی خۆمان چارەسەری دەم وددانی قوتابییەکان هوشیار بکەینەوە کە گرنگی تەواو بە دڕانەکانیان بدەن و ڕۆژانە لە ڕێگەی بەشی چارەسەری دەم وددانی منداڵان ڕێنمایی گرنگمان بە دایکان داوە تا گرنگی بە دەم وددانی منداڵەکانیان بدەن و ئاموژگاری منداڵەکانیان بکەن کە منداڵان بەهۆی خواردنی شیرینی دەم وددانەکانیان کلۆر دەبێت ئەوەش کارەساتە بۆ منداڵان کە بەهۆی خواردنی زۆری شیرینی دەرمانی پێویستمان هەیە و لە هەمووی گرنگتر لەو سەنتەرەدا دەمارپرین زۆر گرنگە و تاکە سەنتەرە لە هەولێر کە کاری زۆری دەمارپرین دەکات و جەنجاڵی زۆر لەسەر ئەو بەشە هەیە لەگەڵ ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ دڕان و گرنگیدان بە ئامێرەکان و تەعقیمکردنی

بەڕێوەبەری کارگێڕی سەنتەری پسپۆڕی هەولێر بۆ پزیشکی دەم و ددان: لەپایتەخت تاکە سەنتەرین کە ڕۆژانە چارەسەری دەم وددانی هاووڵاتییان دەکەین

لیژنەی کاروباری شەهیدان مۆنیۆمێنتی شەهیدان لە هەولێر بەسەردەکاتەوە



بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی مۆنیۆمێنتی شەهیدان لەشاری هەولێر، شاندێکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جێنۆساید و زیندانییانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان، بەسەرۆکایەتیی سوسن محەمەد میرخان، سەرۆکی لیژنە و ژیان تاهر ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنە و هەژان حەسەن ئەحمەد، بڕیاردەری لیژنە و ژمارەیەک لە ئەندامانی لیژنەکە، سەردانی مۆنیۆمێنتی شەهیدانیان لە شاری هەولێر کرد. لە سەردانەکەیاندا یەک بە یەکی هۆڵ و ژوورەکانی مۆنیۆمێنتەکەیان بەسەرکردەوە و لەنزیکەوە بارودۆخی بیناکەیان هەڵسەنگاند و لە لێدوانێکیشیدا بۆ ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان مەبەستی سەردانەکەیانی بۆ مۆنیۆمێنتەکە ڕوونکردەوە کە بۆ لە نزیکەوە بینینی دۆخی بیناکەیان و ڕایگەیاند: لەئێستادا مۆنیۆمێنتەکە زۆر وێران بووە و پێویستیی بەنۆژەنکردنەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕۆڵیان هەبێت و بتوانێت لەزووترین کاتدا چارەسەری گرفتەکان بکرێتە و بەڕووی سەردانیکەران و هاوواڵتییاندا بکرێتەوە و لەداهاتوویەکی نزیکدا بەدواداچوونی زیاتری بۆ دەکەن. بڕیارە لیژنەی کاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، بە ڕاپۆرتێک سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لەئەنجامی سەردانەکەیان ئاگادار بکەنەوە.

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی: مووچەی کەمئەندامان خەرج دەکرێت



ماوەی چەند ڕۆژێکە بەشێکی کەمئەندامان لە بەردەم سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران خێمەیان هەڵداوە و داوای خەرجکردنی مووچە ڕاگیراوەکان و دابەزاندنی ڕێژەی کەمئەندامی دەکەن، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیش دەڵێ: ڕێژەی کەمئەندامی بۆ 55%دابەزیوە و ئەوانەشی لە لیژنە دەردەچن، مووچەکانیان بۆ خەرج دەکرێت. فوئاد سدیق، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: کاتی خۆی لیژنەی پشکنین بۆ هەموو کەمئەندامان پێک هاتبوو، بەڵام دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکە دیار بوو گلەیی زۆری لێکەوتوەتە و دووبارە بڕیار درا ئەو کەمئەندامانەی سکاڵایان هەیە، لیژنەی پشکنینیان بۆ دووبارە بکرێتەوە، ئێستاش لیژنەکە هەیە و لە زۆر ناوچە کۆتایی بە کارەکانی هێناوە و لە هەندێ شوێنیش سەرقاڵی پشکنینی کەمئەندامانن.

بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەشڵێت: ڕێژەی کەمئەندامی لە 75%ەوە بۆ 55 دابەزیوە، کەچی هێشتا هەندێ ڕێکخراوی کەمئەندامان خۆپیشاندان لە بەردەم سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەن و باسی دابەزاندنی ڕێژەی کەمئەندامی دەکەن. سدیق ڕوونی کردەوە: ئەوەی کەمئەندامانەی ئێستا دووبارە پشکنینیان بۆ دەکرێت، ئەگەر ئەنجامەکەی ڕاگەیاندرا و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان قبوڵ کران، ئەوا بێگومان مووچەکانیان بۆ خەرج دەکرێت و مافی هیچ کەمئەندامێک نافەوتێت. دەشڵێ: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ پرسی کەمئەندامان دەکات و هەر مافێکیان لە چوارچێوەی یاسادا هەبێت، بۆیان دەستەبەر دەکرێت، بەڵام کەمئەندامێک لە لیژنەی پشکنین ڕێژەی کەمئەندامییەکەی بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان نەبێت، سوودمەند نابێت.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو ڕەفعەت ڕەجەب جەمال ئاکرەیی

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند و سینەماکار، کادیری ڕاگەیاندنی پارتیمان، خوالێخۆشبوو ڕەفعەت ڕەجەب جەمال ئاکرەیی-مان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی خزم و دۆست و هەڤاڵ و هاوپیشەکانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا اليه راجعون
دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی

لیژنەی دارایی پەرلەمان ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی دەسپاکیی هەڕێم تاووتوێ دەکات

بەمەبەستی خوێندنەوەو شیکردنەوە و تاووتوێکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی دەسپاکیی هەرێم. لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووریی پەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی د. ڕێواز فایەق، سەرۆکی لیژنەو هێڤیدار ئەحمەد، جێگری سەرۆکی لیژنە و بڕیاردەر و ئەندامانی لیژنەکە کۆبوونەوەکەدا کە بە ئامادەبوونی دادوەر ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەسپاکیی هەرێم بەڕێوەچوو، تێیدا ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی دەسپاکیی هەرێم گفتوگۆی لەبارەوە کرا. لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، لەلایەن سەرۆکی دەستەی دەسپاکیی هەرێم ڕوونکردنەوەی پێویست لەبارەی وردەکارییەکانی ڕاپۆرتەکە بۆ پەرلەمانتاران خرایەڕوو.

ڕانیە... بەڕپرسی لق و شاندی یاوەریی ئامادەی فێستیڤاڵێکی هونەری دەبن



هیوا گەیلانی بەڕپرسی لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەیاوەریی کارگێڕانی لق و بەڕپرسی لێژنەی ناوچەی ڕانیە، بەشداریکرد لە چوارەمین فیستیڤاڵی سالانەی کولتووریی پەیمانگای کۆمپیوتەری ناحکومی، کە تیایدا چەندین چالاکی سەرنجڕاکێشی هونەری و کولتووری و زانستی نمایشکران و پێشکەش کران.

بەڕپرسی لق دەستخۆشی لە بەڕێوەبەر و دەستەی کارگێڕیی پەیمانگاکە و قوتابیان کرد بۆ سازدانی فیستیڤاڵەکەیان و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆخواست.



لاوانی دەوروبەری هەولێر داوادەکەن ژینگەی کوردستان پاک و خاوێن ڕابگیرێت

هەبات - تریفە ئازاد: لە ژێر ڕاسپاردەی ڕێزدار نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هەفتەیەکی ڕاگەیاندبوو بۆ پاککردنەوەی ژینگەی کوردستان، ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، بە ئامادەبوونی ئەندامانی سکرتایەت و ناوەندەکانی چالاکی سنوری خۆی، هەڵمەتێکی پاککردنەوەی سەیرانگای دلێرە کە دەکەوێتە سنوری چالاکی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێر و تێدا لاوان بەوپەڕی بەپرسیارەییەتەوە هەڵمەتی یەک هەفتەی پاک ڕاگرتنی ژینگەیان بەرز نرخاند و داوایان کرد پاکڕاگرتنی ژینگە ببێتە نەریت و ئەم هەفتەیە ببێتە نەریتێک بۆ پاکڕاگرتنی ژینگە، بۆیە دەبێت هەمووان هەوڵبدەین ژینگە بە پاکی ڕابگرین، چونکە پاک ڕاگرتنی ژینگە دەبێتە هۆی تەندروستی باش و جوان کردنی سیمای وڵات، هەر لەم هەڵمەتەش داوایان کرد کە هاووڵاتیان سەیرانگاکان و شوێنە گشتییەکان بە پاکی ڕابگرن و پاشماوەکان لە دوای خۆیان فڕێ نەدەن و لە شوێنێک کۆی بکەنەوە تا ڕۆژی دواتر شارەوانی پاکی دەکاتەوە.



بە بۆنەی 121 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی کۆنفرانسی پرسی ئافرەت لە میدیای کوردیدا لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو

ڕاپۆرت/ ئاشتی شەهباز

دوێنێ سێشەممە 2019/4/23 کۆنفرانسێک لەژێر ناوونیشانی پرسی ئافرەت لە میدیای کوردیدا بە سپۆنسەری میدیایی کوردستان 24 و بە بۆنەی 121 ساڵیادی دەچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بەڕێوەچوو، کۆنفرانسەکە لەلایەن یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە ڕێکخرابوو، و خۆی لە چوار پانێڵدا دەبینێتەوە لە هۆڵی کۆچەر بیرکار لە سەنتەری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن زانکۆی سەڵاحەددین و بە ئامادەبوونی چەندان لە بەرپرسی حزبی و حکومی و چالاکوانان و ئامادەبوونی ساسان عەونی ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە وەزیرو پەرلەمانتاری ئافرەت لە خولەکانی و ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو و عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەندین خانمی پلە جیاجیا و ڕاوێژکارو مامۆستا لە زانکۆکان لەشاری هەولێر سازکرا.

بەر لە دەستپێکی کۆنفراسەکە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی تایبەت بە ژیان و زەحمەتییەکانی ژنانەوە لە بەردەم هۆڵەکە کرایەوە. لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا د. ئیان سلێمان وتەیەکی پێشکەشکرد و لەنێو باسەکەیدا ئاماژەی بەوەدا ئافرەتانی کورد بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر زۆر پێشکەوتووترن و لە ڕووی یاساییەوەش لەدوای دامەزراندنی حکومەتی کوردییەوە زۆر پشتیوانی لە ئافرەت کراوە ، و جەختی لەسەری هوشیارکردنەوەی ئافرەت لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و پێگەیاندنی کەسایەتی تاکی کورد کردەوە و بە پێویستی زانی وەکو یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کاری لەسەر بکەن وەک هەمیشە، سەبارەت بە کەمی ڕێژەی ئافرەت لەنێو دەزگاکانی ڕاگەیاندنا سکرتێری یەکێتی ئافرەتان هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەراندەوە و گوتی: ئافرەت لەهەموو بوارەکانی کارکردنا وەک ڕێژەی پیاو بوونی نییە ، بۆیە ئێمە کار لەسەر ئەوە دەکەین ئافرەت لە چوارچێوەی خێزان دەربازی ببێت و بێتەوە نێو کۆمەڵگا و ئەرک و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێت و ببێتەوە مرۆڤێکی کامڵ.

وتاری دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، لەلایەن ساسان عەونی هەروەی هزری پیاوسالاری بەسەر تەواوی جومگەکانی دەزگاکان بەگشتی و دەزگا میدیایەکانیش لە کوردستان و لەگەڵ ئەوەش ئافرەتانمان زۆر بەهێزن.

لە پێناو لێکۆڵینەوە لەسەر پرسی ئافرەت و نەخشەڕێگای چارەسەر دابڕێژرێت لەشێوە چالاکی کۆنفراسەکەدا لەو چوار پانێڵەدا لەلایەن مامۆستایانی زانکۆو شارازو پسپۆرانی ئەو بوارە و بەخستنەڕووی چەندین ئامارو بەراوردکاری لە دەرفەرتی کارکردن بۆ ژنان و پیاوان و جیاکاری بەهۆی ڕەگەزەوە قسەو باسی لەبارەوە کرا. هەر لە ئەجێندای کاری کۆنفرانسەکەوە و پانێڵی یەکەم لەسەر بەلانسی جێندەری لە میدیای کوردیدا لەلایەن چوار مامۆستا و چالاکوان قسەیان لەسەرکرا و تێبینی گفتوگۆی ئامادەبووانیش هاتنە نێو باسەوە، لە پانێڵی دووەم لەژێر ناونیشانی وێنای ئافرەت لە ڕاگەیاندنی کوردیدا لە ڕووی هزرو جەستە دا کە لەلایەن مەهاباد قەرەداغی نووسەرو شاعیر و لێکۆڵەر لەپرسی ژن بەڕێوەبرا و پانێڵیستەکانیش هەر یەک لە د. بەهات حەسیب قەرەداغی - د. هەناو حەسەن - د. یوسف حەمە سالح - م ناسک عەبدولواحید پێکهاتبوون.

ئالنگاری بەرامبەر ئافرەتی میدیاکار ناوی پانێڵی سێیەم بوو کە لەلایەن نەرمین سندی ڕاگەیاندکاری بەئەزموون بەڕێوەبرا.

دوا پانێڵ لەلایەن شەیما مستەفا لەچوارچێوەی میدیا و بزوتنەوەی ئافرەت لەگەڵ دکتۆر و مامۆستایان قەسەوباسیان لەبارەوە کرا.

کۆنترۆڵی تووڕەیی لە ژیانی هاوبەشدا

و/ لەیلا سلێمان

ئەو هاوسەرانەی لە دەسپێکی ژیانی هاوبەشدان ماوەیەکیان پێویستە تا لە رووی رۆح و دەروونەوە لە یەکتر نزیک ببنەوە. هەرچەندە زۆربەی هەوڵەکان بۆ تێپەڕاندنی ژیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و دوور لە کێشەیە، بەڵام هەندێجار ناتوانن سەرکەوتوو بن. بە پێی لێکۆڵینەوەکان زۆربەی هاوسەران لە سااڵەکانی سەرەتای ژیانیان توشی بیر و رای جیاواز دەبنەوە و پێویستە فێر بن چۆن ئەو کێشانە چارە بکەن و چۆن پەیوەندییەکەیان پتەو بکەن. جیاوازی بیرکردنەوە دەتوانێت لە زۆر بابەتدا رووبدات وەک جیاوازی لە تایبەتمەندییەکان، کاتی خەو، هاتوچوو لەگەڵ بنەماڵەکانی یەکتر، شێوازی ئەنجامدانی کارەکانی ماڵەوە، بابەتە ئابووریەکان و زۆر بابەتی دیکە کە هەر یەک لە هاوسەران لە شێوەی خۆیان رەفتار دەکەن و بۆ گەیشتن بە خاڵی هاوبەش رەنگە کێشە لە نێوانیاندا دروست بێت. جۆری رەفتاری هەر تاکێک لە شێوازی ژیان و بابەتە کەسییەکان سەرچاوەی گرتووە. هەندێجار کۆنترۆڵ نەکردنی تووڕەیی لە یەکێک لە هاوسەراندا دەبێت هۆکاری سەرلێشێوان و تێنەگەیشتن لەوەیکە کەسی بەرامبەر لە راستیدا بە چی تووڕە دەبێت و چۆن دەتوانێت هاوسەرەکەی ئارام بکاتەوە. ئەو کەسانەی کە نازانن و ناتوانن کۆنترۆڵ تووڕەیی بکەن زۆر زوو هەڵدەچن و دوو ئەگەر هەیە یان هاوسەرەکەی بە بێدەنگی هێوری دەکاتەوە یان بە هەمان شێوە هەڵسەکەوت دەکات و ئەوکات کێشەکان زیاتر دەبێت.لەو هاوسەرانەی کە کۆنترۆڵی کاردانەوە لە دەسەڵاتی خۆیاندا نییە، پاش هەڵچوون و ئاژاوە بە داوای لێبوردن و دەربڕینی پەشیمانی دۆخەکە هێور دەبێتەوە. لەگەڵ رووداتی ئەو حاڵەتە هاوسەرەکەی لێبوردنەکەی قبوڵ دەکات، بەڵام کاتێک ئەو هەڵسوکەوتە بەردەوام دووبارە بێتەوە، دانبەخۆداگرتنی بەرامبەر کەم دەبێتەوە و ئیتر ئەویش ناتوانێت زاڵ بێت، کاتێکیش ئەو کۆنترۆڵنەکردنە زۆر رووید، هاوسەرەکەی لە ناسروشتی بوون و کاردانەوە تونdeکانی هاوسەرەکەی تێدەگات. هەندێ لە شێوازییە رەفتارییەکان هۆکاری ئەمجۆرە هەڵسوکەوتەن و بۆ تێگەیشتن لەمە پێویستە هۆکاری ئەو هەڵسوکەوتە توند و تیژیانە دەسنیشان بکرێت و دواتر بزانن لە ماوەی هەفتەیەک یان مانگێک چەندجار ئەو هەڵسوکەوتە رووەدات و کاتی هەڵچوونە توندڕەوییەکان چ رەوتارێک پیشان دەدەن. ئەوکات پێویستە بە چارەسەری دەروونی و راوێژی رەوانناسان هەیە. زۆر گرنگە کە هاوسەری خۆتان وەک شێت نەزانن یان کاتی چوونی بۆ پزیشک و وەرگرتنی راوێژ و چارەسەر بچوکی مەکەنەوە و کاتی بدەنێ تا دۆخەکە تێپەڕێنێت. هەروەها جگە لە چارەسەری تاک لایانە لە هاوسەردەرمانیش سوود وەربگرن و هاوسەر وەک یارمەتیدەرێک رۆڵ ببینێت.



"کەیتی بومەن" ئەو ئافرەتەی بۆ یەکەمجار توانی وێنەی کونی رەش بگرێت

ئەگەر لە ولاتی ئێمە پڕلینی کار و پیشە کراوە و هەندێ کار بۆ ئافرەت غەریبە، بەڵام لە ولاتی دیکە ئەو بەربەستە نییە و ئافرەت و پیاو بە یەکسانی لە هەموو بوارێک دەبینرێن. بواری فەڵەکناسیش یەکێکە لەو بوارانە کە ئافرەت تیایدا جێ پەنجەی دیارە و ئەمجارە ئافرەتێک توانیویەتی بە ڕێگەی تایبەتی خۆی بۆ یەکەمجار وێنەی کونە رەشەکانی گەردوون بگرێت.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبونەوەی وێنەی کونە رەشەکان کە بەمدواییە هەرایەکی زۆری نایەوە ناوی ئافرەتێکی گەنج کەوتە سەر زمانان. کەیتی بومەن زانیارەکی 29ساڵە کە خاوەنی سەرەکی ئۆلگوریتمێک بوو کە توانی ئەو زانیارییانەی تیلسکۆپەکان وەریدەگرن بیکاتە ئەو وێنانەی کە کەتۆتە بەرچاوی هەمومان.

وێنەی میژوویی کونی رەشی ئاسمانی کە چوارشەممەی رابردوو 10ی مانگ لە راگەیاندنەکان بڵاوبوویەوە وێنەیەکی چاککراوی دیارەیەکە کە 500میلیۆن تریلیۆن کیلۆمەتر لە زەوی دوورە.

کەیتی بومەن لە سێ ساڵ لەمەوبەرەوە سەرقاڵی نووسینی ئۆلگوریتمێک بوو کە بتوانی زانیارییەکانی تیلسکۆپەکان بکاتە وێنە. ئەو کات لە ڕێککخراوی فەن و داهێنانی ماساچۆست (ئێم ئای تی) قوتابی بوو. ئێستاکە یارییدەدەری مامۆستای زانکۆیە لە هەمان ڕێکخراو لە کالیفۆرنیا. هەڵبەت بۆ تەواوکردنی ئۆلگوریتمەکە زانای تریش رۆڵیان هەبووە، بەڵام خاتوو بومەن سەرپەرشتی پڕۆژەکەی کردووە. ئەو وێنەیەی کە بڵاو بوویەوە لە راستیدا وێنەیەکە



کە کەیتی لە هەشت تێلسکۆپ کە بەیەکەوە بەسترابوون کۆیکردۆتەوە. دوو دامەزراوەی پەیوەندیدار بەو پڕۆژەیە (ئێم ئای تی- ئێسمیتسۆنین) لە راگەیاندنەکان دەسخۆشیان لەو خاتوونە کردووە، بەڵام کێتی لە دیمانەکەی لەگەڵ CNN وتی کەس نەیدەتوانی بە تەنیا ئەمکارە بکات وکەسانێکی زۆر بە پسپۆڕی جیاواز هەوڵ و شەونخونی زۆریان دا تا ئەو وێنەیە دروست بێت. بە گشتی دووسەد زانا لە پڕۆژەی وێنەگرتنی کونە رەشەکە بەشدار بوون. پڕۆژەکە بە هەشت تێلسکۆپ لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان (لە شیلییەوە تا جنوبەگان) ئەنجامدراوە.

لە بارەی کونی رەش چ زانییارییەکمان هەیە؟

– ئەو کونە رەشەی کە وێنەی گیراوە بە چاو نابینرێت. تیرەی بازنەکەی نزیکەی 40 میلیارد کیلۆمەترە، واتا سێ میلیۆن هێندەی زەوی.

– وێنەی کونی رەش دەرئەنجامی دە ڕۆژ وێنەگرتنی هەشت تێلسکۆپە لە کۆمەڵە ئەستێرەی ڕێگەی 87.

-پڕۆفیسۆر هینۆ فالکە، مامۆستا لە زانکۆی هۆڵندا کە پێشنیاری ئەو پڕۆژەیەی دابوو، بە بی بی سی ڕاگەیاند کە ئەو کونە رەشە کە وێنەی بڵاوکراوەتەوە لە تەواوی کۆمەڵەی تاو گەورەترە.

ئەو وێنەیەی کە ئێستا بڵاوکراوەتەوە لە ڕاستیدا وێنەیەکە لە چەند وێنەیەکی جیاواز کە بە کامێرای ڕادیۆیی تایبەت وەرگیراوە کە ئاسمانی ئەو بەشەی دەگرێتەوە کە کونە رەشەکە لە ناوەڕاستیدایە. ئەو وێنانە بە کۆمپیوتەر تێکەڵ کراون بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواو دروست بکەن.

ئەو وێنەیەی کە ئێستا بڵاوکراوەتەوە لە ڕاستیدا وێنەیەکە لە چەند وێنەیەکی جیاواز کە بە کامێرای ڕادیۆیی تایبەت وەرگیراوە کە ئاسمانی ئەو بەشەی دەگرێتەوە کە کونە رەشەکە لە ناوەڕاستیدایە. ئەو وێنانە بە کۆمپیوتەر تێکەڵ کراون بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواو دروست بکەن.

نەهێنییەکانی کەشخەیی



سەرووی جەستەتان و بەشی خوارەوەی جەستە کە زیاتر قەڵەوییەکان لەوێدا دەبینرێن لە چاوان دەشاردرێتەوە. بۆ تەواوکردنی پلانەکە دەتوانن جلێک هەڵبژێرن کە هێلی ستونی هەبێت و ملوانکەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.

نەهێنی سێهەم: تەنورەی سەرووی ئەژنۆ بپۆشن. ڕێگەیەکیتر بۆ ئەوەی بااڵتان بەرزتر دەرکەوێت تەنورەی کورتە. ئەمکارە سەرنجەکان زیاتر دەخاتە سەر قاچەکان و شێوازەکە بۆ بەرزتر دەرکەوتن. هەڵبەت نابێت تەنورەکە زۆر کورت بێت و تەنیا لە سەرووی ئەژنۆ بێت تەواوە.

نەهێنی چوارەم: جلوبەرگی بە هێڵ و وێنەی ستونی بپۆشن ئەگەر دەتانەوێت بااڵتان بەرزتر دەرکەوێت و بێشک الوازتر دەردەکەون. کەلکوەرگرتن لە شێوە و هێڵی ستونی لە جل و هەڵبژاردنی قوماشدا دەتوانێت لەو بارەوە باشترین یارمەتیدەر بێت.

نەهێنی پێنجەم: لەگەڵ جلی مۆدە یان کوردی پێاڵوی بەرز لە پێ بکەن. پێویست بە پێاڵوی زۆر بەرز نییە هەرئەوندە چەند سانتیمەترێک پێاڵوەکە بەرز بێت ئێوە مەبەستەکەتان پێکاوە. هەوڵ بدەن پێاڵوتان خوار 8سانتیم بێت تا کەشخەتر دەربکەون.

ئەو چەند نەهێنییە لە هەڵبژاردنی جل یارمەتی ئێوە دەدات تا الوازتر دەربکەون و بااڵتان بەرزتر بێتە بەرچاو. هەوڵبدەن بە ئاگەداری و هەبوونی ڕۆشنبیرییەوە بچنە بازار. ئێستا سەردەمی پێشکەوتنە و بۆ هەر مەبەستێک ڕێگەچارەی زانستیانە بەردەستە.

و/ ڕوخۆش موعتەسەم

زۆربەی خانمان ئاگەداری ئەوە نین کە بە هەڵبژاردنی جلی شیاو دەتوانن جەستەیان ڕێکتر پیشان بدەن و کەموکوڕییەکانی بشارنەوە. ئەوانە چەند نەهێنییەکن کە یارمەتی ئافرەتانی بالا کورت و تا رادەیەک قەڵەو دەدات تا بتوانن جلێکی شیاو بۆ ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیانە دەسنیشان بکەن:

ئەگەر حەزدەکەن 5کیلۆ الوازتر دەربکەون و بااڵتان بەرزتر دەرکەوێت بێ ئەوەی تەنانەت یەک کیلۆش کێشتان دابەزێنن گوێ لەو ڕێنماییانە بگرن.

یەکەم نەهێنی: جلی پڕ بەرجەستەی خۆتان بپۆشن. لە کاتی هەڵبژاردنی جل بەتایبەت عەزیە خۆتان لە جلی تەسک یان فەروان بەدوور بگرن. ئەو مۆدیلانە قەڵەوتر پیشانتان دەدات. پۆشینی جلی تەسک جگە لەوەیکە جوڵەتان زەحمەت دەکات و ئازارتان دەدات، ئەو چین و گۆشتە زیادییانەی کە هەتانە زیاتر دەردەخات. کەواتا جلی پڕ بە جەستەی خۆتان بپۆشن.

دووهەم نەهێنی: جلێک بپۆشن کە یەخەکەی شێوەی هەفتی هەبێت. عەزیە یان ئەو بلوز و تیشێرتانەی یەخەیان شێوەی هەفتە یان لە شێوەی V یە زیرەکانەترین شێوەی هەڵبژاردن بۆ ئافرەتانی بااڵ کورتە، چونکە کەسەکە بەرزتر و باریکتر دەردەخات. جل بە تایبەت عەزیەی یەخە هەفت سەرنجەکان دەخاتە سەر بەشی

زۆزانا چاپۆتۆوا
یەکەم سەرۆک کۆماری ئافرەت لە سلۆواکی

هەفتەی ڕابردوو خاتوو چاپۆتۆوا کە بە دڕوشمی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەشداری هەڵبژاردنەکانی سلۆواکی کردبوو توانی وەک یەکەم ئافرەت بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەو خاتوونە بە بێ هیچ ئەزموونێکی سیاسی توانی هاوتا بەناوبانگەکەی (مارۆس سفیکۆویچ) کە لە پلەبەرزەکانی یەکێتی ئەوروپایە شکست بدات. هەڵبەت دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە هەڵبژاردنی ئەمسااڵی سلۆواکی کەوتبووە ژێر کاریگەرییەکانی ڕۆژنامەنووسێکی مەیدانی، (یان کوچیاک) کە سااڵی پێشوو لەگەڵ دەزگیرانەکەی تیرۆر کران کاتێک سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفەوان لە بارەی گەندەڵی بەرپرسانی سیاسی ولاتەکەی بوو، کە خرایە بەر دەسڕێژی گولە و لە مانگی شوباتی 2018تیرۆر کرا. چاپۆتۆوا کوژرانی ئەو ڕۆژنامەنووسەی وەک یەکێک لە هۆکارەکانی بۆ هاتنە نێو هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاندبوو.

(مارۆس سفیکۆویچ) لە سیاسییە بە ئەزموونەکانی ولاتە، بەاڵم لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکان تەنیا توانی 19%ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت. پۆستی سەرۆک کۆماری لە سلۆواکی تا ڕادەیەکی زۆر تەشریفاتییە بەاڵم لە هەڵبژاردنی ئەمسااڵ بە هۆی هەبوونی بابەتی وەک "ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی" و "هەڵبژاردن لە نێوان باشە و خراپە" گەرم و گوڕییەکی زیاتری پێوەدیاربوو بە شێوەیەک کە لە خولی یەکەم هیچ براوەیەک نەبوو و چاپۆتۆوا و سفیکۆویچ وەک دوو کەسی یەکەمی خولی یەکەم چوونە خولی دووهەم و ئەوکات زۆزانا چاپۆتۆوا توانی بە 58%ی بەسەر 42%ی دەنگەکانی سیکۆفیچ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. زۆزانا تەمەنی 45ساڵە و لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە و خاوەن دوو منداڵە و ناوبانگی زیاتر پاش پاریزەری لە دۆسیەی پرکێشەی لەنێوبردنی پاشکاوە نایاساییەکان پەیداکرد. چاپۆتۆوا ئەندامی حزبی لیبرالی پێشەکەوتووخوازی سلۆواکییە. لە ولاتێک کە هاوسەرگیری ڕەگەزبازان و هەڵگرتنەوەی منداڵ بە یاسایی نەکراوە ڕوانگەکانی وەک لایەنگری لە مافی ئەوانەی ڕەگەز دەگۆڕن زۆر لیبرالیانە و پێشکەوتووانە هەڵدەسەنگێنرێت.

نەبوونی زانیاری لە بابەتە سێکسییەکان کێشەیەک بۆ مێرمنداڵان

و/ نەرمین بازید

نەبوونی زانیاری و بێئاگایی لە بابەتە سێکسییەکان لەو ولاتانەی کە بە هەر هۆکارێکی کلتوری یان ئایینی گیرۆدەیین بووەتە یەکێک لە بابەتە پڕکێشە و ئاڵۆزەکان بۆ خەڵک بە تایبەت مێرمنداڵانی ئەو ولاتە.



لە هەندێ ولات بە تایبەت ولاتی ڕۆژهەاڵتی و ئایینی پێدانی زانیاری لەو بابەتانە لە پاڵن و بەرنامەی پەروەردەیی بوونی نییە و تەنانەت پرسیارکردن لەو بارەوە لە مامۆستا بێت یان ئەندامانی بنەماڵە جۆرێکە لە بێ شەرمی و بێ ئەدەبی. لەو ولاتانە وروژاندنی ئەو بابەتانە بە شێوەیەکی داخراو و گشتی باس دەکرێت و ناتوانێت وەاڵمەرەوەی پرسیارە ورد و درشتەکانی گەنجان بێت.

لە ڕاپرسییەکدا کە ولاتی ئەفغانستان وەک نمونە وەرگیراوە کچان گلەیی ئەوەیان هەبووە کە ناتوانن تەنانەت لە بارەی سوڕی مانگانەوە پرسیار بکەن و کە بۆ یەکەمجار تووشی سوڕی مانگانە بوون ترس و دڵەڕاوکێ دایگرتوون. ئەم حاڵەت تەنانەت لەو تەنەروستی لەو بڕوایەدان ئەگەر گەنجان لە بارەی بابەتە سێکسییەکان لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و جێی متمانەوە نەتوانن زانیاری دەسبخەن، ئەگەری ئەوەیکە بە ڕووکردنە سەرچاوە ناتەندروستەکان تووشی لادان بن زۆرە. واتا ئەگەر گەنجان ڕووبکەنە ئەو سەرچاوانە هۆکارن تا نمونەی بنەماڵانەی کە دایک و باوک تیایدا خاوەن بڕوانامەی بەرزن بینراوە.

پسپۆڕان و ڕەوانناسان لەو باوەڕەدان کە نەبوونی زانیاری لە بابەتە سێکسییەکان کێشەگەلی زۆر بۆ گەنجان دروست دەکەن و ئەو کێشانە تا پاش هاوسەرگیریش هەر دڕێژەی دەبێت. هەروەها زانیانی کۆمەاڵیەتی و ناتەندروستی سێکسی بۆ ڕەفتارە سێکسییەکانیان هەڵبژێرن و ئەو بابەتەش دەرهاویشتەی نادروستی دەبێت کە ئەنجامەکەی تووندوتیژی سێکسی و تووندوتیژی خێزانی دەبێت.

یادی کارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ

بۆچی لە 1974/4/24 شارۆچکەی قەڵادزێ بوو بە ئامانج؟

ڕۆژی پێشتر واتە 1974/4/23 چەند فڕۆکەیەکی جەنگی لەئاسمانی ئەم شارەدا سووڕاونەتەوە

قادر ژەوان

سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشبینی کارەساتی لەناکاوی دەکرد، بۆیە بەر لەچەند ڕۆژێک ئاگاداری دانیشتووان و هاوواڵتیانی ئەم شارەیان کردەوە کە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و سەلامەتییان و خۆحەشاردان لەکاتی ناکاودا خەندەق لەشێوەی پیتەکانی(T.L.W)لەماڵەکانیاندا لێبدەن. ڕژێمی دیتاتۆری بەغدا کە وەکو هەمیشە گفتوگۆ و دیالۆگیان وەکو پیلان بۆ خۆسازدانەوە و خۆ بەهێزکردنەوە ئەنجامداوە، دیسان بە هەمانشێوە لەڕێککەوتنامەی 11ی ئازاری 1970پاشگەز بۆوە هەوڵی لەناوبردنی شۆڕش و گەلی کوردی داوەو خستوونیەتە بەرنامەی کاری هێرشە ئاسمانی و زەمینییەکانەوە، کەئەم بەرنامەیەی بەخێرایی پراکتیزە کرد و سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی 24/4/1974 لەرێی چەند فڕۆکەیەکی سیخۆڕ و لەئاسمانی ئەم شارەوە بە بۆمبای قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی شارۆچکەی قەلادزێیان بۆردومانکرد، کەزیاتر لە 163شەهید و 350بریندار لێکەوتەوە و بەدەیان خانوو و دووکانی کاولکرد، کە زانکۆی سلێمانی و قوتابخانەکانیش لەم خاپوورکردنە بێبەش نەبوون.

بۆچی شارۆچکەی قەڵادزێ بوو بە ئامانج؟

1. ڕێککەوتنامەی 11ی ئازار کە لەدەرئەنجامی خەبات و شۆڕشی گەلی کورد بەسەرۆکایەتی "بارزانی نەمر" و پێشمەرگە و ڕۆڵە جەربەزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لێکەوتەوە و لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا لە ڕوانگەی کارگێڕی و ئاسایش و ئارامیەوە ئەم کوردستانە ببووە جێی سەرنجی ناوخۆیی و دەرەوە، لەم ماوەیەدا کە کوردستان ئازادییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیبوو هەموو ئەو کەسانەی تینووی ڕۆژی ئازادی بوون و ڕزگاریخواز بوون بەبێ ترس و بەئاشکرا لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان و عێراق کاری حزبی و ڕێکخراوەیان دەکرد، کاتێک ڕژێمی دەسەڵاتداریش لەبڕیاری 11ی ئازار پاشگەز بۆوە و شۆڕش ئیحتیاتاتی خۆی وەرگرت، هەموو ئەو کەسانەی کە لەدڵسۆزیان بۆ شۆڕش خۆیان ئاشکرا کردبوئەوا هەم بۆ پشتیوانی پێشمەرگە و هەمیش لە ترسی گیانی خۆیان بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان ڕۆیشتن، بەتایبەتی بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ.

2. کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لە شارۆچکەی قەڵادزێ، کە هاوشێوەی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان مامۆستا و قوتابیانی زانکۆی سلێمانیش بۆ خۆپاراستنپەنایان هێنابوو بۆ ئەو شارە، کۆبوونەوەی ئەو هەموو قوتابی و مامۆستایانە بووە هۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەی کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لەو شارە و دایانە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبێ ئەوەی بالاخانە یاخود شوێنێکی شیاو هەبێت بگونجێت بۆ زانکۆ، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئینحیساری قەڵادزێ کە چەند هۆلێکی لەخۆ دەگرت و شوێنی پشکنینی توتن بوون دەستنیشانکراو دەوامی زانکۆی تیادا کرایەوە، هەربەکێک لەو هۆڵانە لەپانی و بەرینیدا لەهۆلێکی سینەما یاخود شانۆیی گەورە دەچوو، واتە جێگایەکی گەورە و گونجاو بوو. کردنەوەی ئەم زانکۆیە جەنجاڵییەکی زیاتری دروستکرد، چونکە ئەو قوتابیانەی کە پێشتر نەهاتبوون بۆ قەڵادزێ و لە شارەکانی دیکە مابوونەوە ئەوا بەهەمانشێوە دەستیانکرد بە گەڕانەوە بۆ زانکۆی سلێمانی لە شارۆچکەی قەڵادزێ بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەن.

3. لەبەرئەوەی زۆربەی سەرباز و ئەفسەر و پۆلیس و فەرمانبەرە کوردەکان لەچاو ئەم کارەساتە گەورەیە ئامادەکاری کردبوو

4. وەرگرتنی ئیحتیاتاتی شۆڕش و گردبوونەوەیەکی چڕی جەماوەری لەو جۆرە بەلای ڕژێمەوە هەڵوێستێکی مەترسیدار بوو، خودی حکوومەت کەلەناخیدا ئۆتۆنۆمی بە شایانی کوردان نەدەزانی وای لەقەڵەم دەدا کە کاری ئێستای کوردەکان چاوەڕوانی جیاخوازی و خواستی گەورەتری لێدەکرێ بۆیە دەبێ پێلانێک دابڕێژێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆمەڵبوون و یەکگرتوویەی کەهەیە یان ئەو داخوازیانەی کەهەن.

لەچاو ئەم کارەساتە گەورەیە بۆچی زیانەکان کەمبوون؟

1. سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشبینی کارەساتی لەناکاوی دەکرد، بۆیە بەر لەچەند ڕۆژێک ئاگاداری دانیشتوان و هاوواڵتیانی ئەم شارەیان کردەوە کە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و سەلامەتییان و خۆحەشاردان لەکاتی ناکاودا خەندەق لێبدەن، لەماڵەکانیاندا لێبدەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە خەندەقەکان لەشێوەی پیتەکانی(T.L.W)بووایە، کە زۆرماڵان ئەو خەندەقەیان لەحەساڕەکانیاندا هەڵکەندبوو، جگەلەوەیش لەزۆربەی کۆڵان و شەقامەکانیشدا کونی گەورەی خۆشارنەوە هەڵکەندرابوون.

2. جێی ئاماژەیە ڕۆژی پێشتر واتە 23/4/1974 چەند فڕۆکەیەکی جەنگی لەئاسمانی ئەم شارەدا سووڕاونەتەوە، دیسان بۆ جاری دووەم و شەوی 23لەسەر 24یش چەند فڕۆکەیەکی جەنگی دیکە ئەم شارەیان خستۆتە ژێر چاودێرییەوە، ئەمانە هەموویان خەڵکیان وریاکردەوە، زەنگێکیش بوو بۆیان کەوایکرد خۆیان لەمەترسییەکانی بۆردوومان بپارێزن.

3. بەڕێوەبەرو مامۆستایانی ئەم شارە سەرلەبەیانی 24/4/1974بەبێ ئەوەی لەهیچ دەزگایەکی سەرووی خۆیانەوە ئاگادار بکرێنەوە یان ڕێگەیان پێبدرێت ئەوا سەربەخۆ قوتابخانەکانیان داخست و قوتابیەکانیان بەخێرایی ناردەوە بۆ ماڵەوە، چونکە پێشبینی ڕووداوو کارەساتی لەو شێوەیان دەهێنا، بۆیە واچاوەڕوان نەدەکرا کە ئەگەر فڕۆکەیش بێتە سەرشارەکە ئەوا بەشەست تیر قەڵادزێ دەگرێتەبەر، کەوتە چاوەڕوانی ئەم هەموو کۆمەڵکوژی و وێرانکارییەی لێنەدەکرا.

جیا لەشارەکانی دیکە، شۆڕش و جەماوەری کوردستان بۆچی قەڵادزێیان هەڵبژارد؟

شارۆچکەی قەڵادزێ لەهەر چووارەدەوری چیای بەرز هەیە و بێجگە لەدەروازەی دەربەند کە دەکەوێتە نێوانی پشدەر و بێتوێنێ ئەوا لەهیچ شوێنێک و ڕێگایەکی دیکە هێزی پیادە ناتوانێت هێرشی لێبوە بکات، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەوەی کە زۆر لەسنووری وڵاتی ئێرانەوە نزیکە ئەوا بۆ خۆپاراستن لەهەر هێرشێکی پیادە خەڵکی بەئاسانی دەتوانن زووتر خۆیان دەرباز بکەن و کاک "جەلیل فەیلی" لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی ئەوکاتە و شەهید "حەسۆ میرخان" فەرماندەی هێزی کاوە بوو، هەندێ چەکی تایبەتیان وەکو غەدارە پێبوو، هەرچەندە ئەو ئامادەسازییانە وەکو شتێکی سەرەتایی بوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە شۆڕش لە ناکاو تووشی ئەم بارودۆخە هاتبوو چاوەڕوانی کارەساتێکی درندانە و نامرۆڤانەی لەو جۆرەش نەدەکرا، چونکە بەر لە ڕێککەوتننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970و لەساڵانی شەستەکاندا فڕۆکەکانی عێراقی بەشی زۆری چەکی وەکو شەست تیریان لەشەڕەکاندا بەکار بگەنە ناو خاک و سنووری ئەم وڵاتەوە.

جگەلەوەیش خەڵکی پشدەرێ زۆر ڕێز لەمیوان و لێقەوماوان دەگرن و بەخوڵقن. کە تاوەکو دوای کارەساتەکەیش هەموو مالێک لەم شارەدا چەند میوانێکی لەو ئاوارانە هەروەکو ئەندامەکانی خێزانەکانیان بەخێو دەکرد و خزمەتیان کردوون، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو پێشبینی و هەڵبژاردنی ئەم شارە وەکو سەر سنوور، خەڵکی سڤیل و بێدەسەڵات لەزەبری درندانە و نامرۆڤانەی دیکتاتۆری سەددامی لەداردراو بێبەش نەبوون و قوربانییەکی زۆریان پێشکەش بەشۆڕش و خاک و گەلەکەیانکرد.





ناسر هەرکی*

ئیرادەی پێکەوە ژیانی سیاسی زامنی سەرکەوتنی دیبلۆماسیە

ئێستا عێراق بە قۆناغێکی نوێی ڕاگوزەری سیاسی تێپەڕ دەبێت ڕەنگە بۆ عێراقێک کەلە ساڵی 1921وە دەوڵەتە ئەو وتەیە عەیبەیەکی سیاسی بێت، بەڵام چونکە سەرەتای دامەزرادنی عێراق بە ویستی عێراقییەکان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە نەبووە بۆیە هەمیشە دۆخی سیاسی ئەو وڵاتە شڵەژاو بووە، هیچ کاتێک وەک پێویست ڕێز لە دەستور و یاساو سەروەری ئەو وڵاتە نەگیراوە و هەمیشە کەوتۆتە ژێر کاریگەری هەژموونی سیاسی ئەقلیەتی ئەو حکومڕانانەی کە دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیان بەدەستەوە بووە، جگە لەوەش کاریگەری هەژموونی سیاسی وڵاتانی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی هەمیشە بەسەرییەوە زاڵ بووە.

سالانی ڕابردوو دوای قەیرانی سیاسی لە ناوخۆی عێراق لە لایەک و هەرێمی کوردستان و بەغدا لە لایەکی تر چەندین کیشەی گەورەی بۆ عێراق دروستکرد لە سەرووی هەموشیانەوە هەرەسهێنانی دۆخی ئەمنی کە خەریک بوو بەرەو هەڵدێری ببات، بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2018خەریکە دۆخەکە بەرەو باشتر هەنگاو دەنێت ئەویش بە هاتنە پیشەوەی ڕوخساری سیاسی نوێ کە جیاوازتر لە وانی تر خۆیان نیشان دەدەن، لە ڕاستیدا ئیمە وەکو کورد چاوەڕوانی ئەوەین ئەوان نیشتیمانیانە بیر بکەنەوە جیاوازتر لەوەی کە هەستی نەتەوەیی و مەزهەبی بەسەریاندا زاڵ ببێت، ئێستا عێراق هی هەموو پێکهاتەکانە هیچ ناسنامەیەکی تر نە عروبە و نە خەسڵەتی هاوشێوە ناکرێت عیراقی پێ پێناسە بکرێت ئەو زەمەنە ڕۆیشت کە بە زەبری هێز نەتەوەیەک یان باوەڕ و مەزهەبێک بەسەر نەتەوەکانی عێراق بسەپێن، لەم ڕووەشەوە دەبێت عێراق لەسەر ئاستی نێوخۆی هەنگاوی گەورەتر بهاوێژێت بۆ پێکەوە ژیان و دەوڵەتی هاوڵاتی بە پێی دەستور، چونکە ئێمە بە دژایەتیکردنی یەکتری هیچمان دەست ناکەوێت هەروەکو چۆن ڕژێمەکانی تر هیچیان دەستنەکەوت و لە ناوچوون، لە وەتەی عێراق دروستبووە سوتەمەنی بەرژەوەندی دەسەڵات و وڵاتانی بیانی و هەرێمی بووە، ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان قوربانی سەرەکی ئەو کلتورە بوینە کە ویستمانە پێکەوە بژین و وەک مرۆڤ جیاواز نەبین، کێ هەیە پێمان بلێت لە دژایەتی یەکتری چ خێرێکمان بۆ عێراق دوریوەتەوە، بۆچی عێراق ئەو وڵاتە نەبێت کە هەموومان شانازی پێووە بکەین و هەست بکەین لە وڵاتێکی شارستانیدا دەژین و مافمان پارێزراوە.

عێراق دەبێت هەنگاوی سیاسی مەزن بهاوێژێت هەوڵەکان ئێستا بەردەوامن سەرۆکی پەرلەمانی ئێستا هەوڵ دەدات عیراق بگەڕێتەوە نێو گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، بانگهێشت بۆ کۆنگرەی پەرلەمانی وڵاتانی دراوسێی عێراق هەنگاوی دیبلۆماسی گەورەن کە سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی پێی هەڵساون و دەستخۆشیان لێ دەکەین و پالپشتیان دەبین بەڵام بەر لە هەموو شتێک ڕێکخستنی سیاسی ناوخۆی عێراقە لە هەموو ڕووەکانەوە، ئەو سەردەمە نابێت ڕەگەز و نەتەوەی بالادەست لە عیراق ببینە سەردێری وتارە سیاسیەکان، سەردەمی ئەو بیرکردنەوانە لەگەڵ ڕوخانی بەعس لەناوچوون و دەبێت سیاسیەکانی عیراق ئەوە بزانن کە بڕیارمان داوە بە پێی دەستوری عێراق پێکەوە بژین دەبێت ئەو مافەشمان هەبێت کە بەرگریکاری ئەو دەستورە بین، پێکەوە ژیان دەبێت بە ڕەزامەندی بێت خۆ ئەگەر ئەو ڕەزامەندیەش نەبوو دەبێت دەستور حاکمی ڕەهای پێکەوە ژیان بێت، پێوبستە لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەوڵەت متمانە بۆ هاولاتیان و پێکهاتەکان بگەڕێتەوە کە ڕەنگە هێشتان ئەو پرسە جێگەی سەرنج بێت بە تایبەتی متمانەی کوردستانیان بە حکومڕانی بەغدا کە هێشتان بە زمانی جاران بڕیار و یاساکانی زەمەنی صدامی دکتاتۆر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکەن، وەکو ئەوانەی لە کەرکوک ڕویدا و پاکتاوی کورد دەکرێت لە هەموو جومگەکانی حکومەت لەو شارە تاوەکو ئێستا شەش بەرێوەبەری گشتی کورد لە پۆستەکانیان لابراون لە کەرکوک لەگەڵ چەندین پلەوپۆستی تر کە ئەو کردەوانە هەرگیز لەگەڵ پرەنسیپی پێکەوەژیان و دەستوری عێراق و شەراکەت ناگونجێت ئەمانەش هەمووی دەرەنجامی خۆ دزینەوەیە لە دەستور و جێبەجێ نەکردنی لە سەرووی هەموشیانەوە ماددەی 140کە کرۆکی کێشەی سیاسی کوردستانە لەگەڵ بەغدا و بە درێژایی مێژوو نەهامەتییەکان لەسەر ئەو ناوچانە بووە دەسەڵات لە عێراقدا هەمیشە لەو ناوچانە بە زمانی هێز قسەی کردووە کە هەمیشە مالوێرانی بۆ هەمووان هێناوە بۆیە دەبێت عێراقییەکان بیر لەوە بکەنەوە کە ئیتر ئەو جۆرە بیرکردنەوانە هەمیشە عێراق لەرزۆک دەکات و متمانەش لە نێو پێکهاتەکانی دەپوکێنێتەوە بە تایبەتی لە نێوان دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب و ئەوانی تریش.

ئێستا سەردەمی ڕیکخستنەوەی دامەزراوە دەستوریەکانی عێراقە کە تیایدا پێکهاتەکان هاوبەش بن لە ماف و ئەرک، هەستکردن بە پەراوێز خستن و ڕێز نەگرتن لە مافە دەستوریەکانی کورد عیراق دەباتەوە قۆناغی پیش هەڵبژاردن و شکستی زیاتر لە هەموو ڕووەکانی سیاسی و ئابووری و مرۆیی دیسانەوە بەرۆکی دەگرن چونکە ناکرێت دیسان بگەڕێینەوە سێگۆشەی جاران کە ڕەنگە ئەوجارە دۆخەکە تێک بچێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە یەکجاری ئەم وڵاتە لە چاوەڕوانی هەرەسدا دەبێت چونکە نە کوردستان دەرگاکانی داخراوە نە عێراقیش هی سەردەمی حامورابییە.

* ئەندامی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ.

وون بوون

مەنەفێست بەناوی: کۆمپانیای هیرتابرلین جۆری ئۆتۆمبێل: مارسیدس راس تریلە ڕەنگ ڕساس مۆدێل ٢٠١٠ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٢٤٢٦٤ کاتی دهۆک ژمارەی شاسی: WDB9340321L474742 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٧١٢٥٦٥ بەرووار ٢٠١٦/١١/١٤ بەبری ٢٥٠,٠٠٠ بەناوی کاروان ادریس کریم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩٩٤٢٨٧ بەرووار ٢٠١٨/١١/٨ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی عارف محمد سلیمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٣٥٩١٧ بەرووار ٢٠١٧/١١/٢٢ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ڤیان قادر اسماعیل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی باری شارستانی و کارتی زانیاری و مۆڵەتی شوفێری و کارتی هەلبژاردن بەناوی اری مصطفی محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : سالم سليمان حمد ابراهيم

قدم السيد / سليمان حمد ابراهيم طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

المديرية العامة للدوائر العدلية

مديرية تنفيذ زاخو

العدد: ٢٠٥/تنفيذ/٢٠١٩

التاريخ: ٢٠١٩/٤/٢٢

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع السيارة المرقمة (٥٩٦٦٧) دهوك- خصوصي نوع كيا اوبتيما صالون لونها رصاصي موديل ٢٠٠٨ لقاء الدين البالغ (١٠٩٢٠٠٠٠) عشرة ملايين و تسعمائة و عشرون الف دينار عراقي فقط في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٢٠٥/تنفيذ/٢٠١٩ و المنفذة في هذه المديرية فعلى الراغب بالشراء الحضور امام هذه المديرية في تمام الساعة العاشرة صباحا في اليوم العاشر من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التأمينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة البالغة (١٠٩٢٠٠٠٠) عشرة ملايين و تسعمائة و عشرون الف دينار عراقي و كذلك ابراز شهادة الجنسية العراقية علما ان رسم التسجيل و الدلالية على المشتري.

منفذ عدل زاخو/ خضر محمد حسن

***

زانکۆی هەولێری پزیشکی

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

ئاگاداری کەم کردنەوە

ژمارە (٤)

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان و بەڵێندەرەکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی (کڕینی چەند ئامێر و پێداویستی پزیشکی بۆ سەنتەری توێژینەوەی پزیشکی) سەر بە زانکۆکەمان نرخی کڕینی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری عیراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و کڕێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەتەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

* فرۆشتنی تەندەر لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.

* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.

٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت

٣- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبری ٦,٠٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن دینار بەچەکی باوەڕ پێکراو یاخود (خطاب الضمان) لەبانکێکی حکومی کە مەرجدار نەبێت و (غیر قابل للنقض) بێت وە ئاراستە کراو بێت بۆ زانکۆکەمان بۆ ماوەی ٢٨ بیست و هەشت ڕۆژ بێت.

٤- ماوەی پرۆژە ١٠٠ سەد ڕۆژی تقویمیە

٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە لە جێبەجێکردنی کارەکان بریتیە لە ڕێژەی ٠,٥٪ لە گوزمەی پرۆژەکە.

٦- ئەو بەڵێندەر و کۆمپانیایانەی لەدەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانییەوە)

٧- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.

٨- دەبێت کۆمپانیا تایبەتمەندبێت بەبواری ئامێری پزیشکی.

٩- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.

١٠- گەڕاندنەوەی تەندەر لەبەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناو و موری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کەمگرێکە.

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

***

دادگای باری کەسێتی رانیە

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١

بۆ/ هاوڵاتی (سامان خالد عبدالله) ئێستا

شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە

هاوسەری پێشوت (چمەن عمر حمەامین) داوای بەڵگەنامەی دایەنی (حجة الحضانة)ی کردووە لەم دادگایە بۆ منداڵەکەت (ئیمان سامان) وە لەبەر ئەوەی دەرهێنانی بەڵگەنامەی ناوبراو لەسەر ڕەزامەندی تۆ وەستاوە وە لەبەر ئەوەی بەپێی پشگیری موختاری گەرەکی شەهیدان پیرەمەگروون لە رانیە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا لەبەر ئەوەی دادگا بریاریدا کە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە کە ڕۆژی (٢٠١٩/٤/٢٨) خۆت یان بریکارێکت لەدادگاکەمان ئامادەبێت بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە دادگا خۆی ڕێوشوێنی یاسایی دەگرێتە بەر.

دادوەر/ جبار احمد امین

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٥/٤٥٠١

ڕێکەوت/٢٠١٩/٤/١٣

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٦٠/٤٥٩ کە کەوتوتەتە کەرتی ٤٤ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار فاطمە صالح مولود کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی بانکی کوردستان بەبڕی/ ٢٠,٢٣٠,٦٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەندە ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ ٦٠/٤٥٩ ك ٤٤ وارش

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ دوو خانوو پێك دێت خانووی قەرزار دەستور سلێمانییە وە خانوێکی تر دوو نهۆم یەکەم لە ٢ دوو غرفة حمام و مرافق مطبخ هول و نهۆم دووەم تەنها یەك ژوور.

٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠٠ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/

٨ – نرخی قرساو/ ٨١,٠٠٠,٠٠٠ هەشتاو یەك ملیۆن دینار.

***

ب.گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵا و کرد نە وە

خۆیەتی

ژمارە: ٥٥٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٦

بۆ/ بەڕێز (هێدی صالح عبدالرحمان)

ئاگادارکردنەوە

دوابەدوای فەرمانی کارگێڕیان ژمارە ١٦٠ لە ٢٠١٩/٢/٣

بەردەوام بوونت لە نەهاتن بۆ دەوام بەم نووسراوە بەرێزتان ئاگادار دەکەینەوە ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی ئەوا (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی (یەك هەفتە) پابەند نەبیت بەدەوام کردنەوەو دەست بەکار نەبیتەوە ئەوا بەپێی یاسا مامەڵەت لەگەڵدا دەکرێت.

محمد عبدالله گەردی

ب. گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە/ بەوەکالەت

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٠٦

ڕێکەوت: ٢٣ / ٤ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٦)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (داینکردنی ئازووقەی تەر و وشك بۆ خانەی نەوجەوانانی کوران و کچان و خانەی چاودێری بەساڵاچوان و داینگەکانی ژین و پەپوولە و منداڵی دڵدەدانی ئافرەتان) کە (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری تایبەت/ هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٨ / ٥ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کڕێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە خاوێنکردنەوە پشتگیری نوێ کراوەی هەبێت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنانی بارمتەی سەرەتایی بەبری ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ بیست و پێنج ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٠٥

ڕێکەوت: ٢٣ / ٤ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٥)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوەی کۆزمەڵگای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و کۆمەڵایەتی هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و کۆمەڵایەتی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٨ / ٥ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت, وە کڕێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە خاوێنکردنەوە پشتگیری نوێ کراوەی هەبێت.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنانی بارمتەی سەرەتایی بەبری ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ بیست و پێنج ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەل خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٢

ژمارە: ٤٦٢٣/ش/٢٠١٨

ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٧

ئاگانامە

داواکار / زهرا اسکندر بیگ زاده ناونیشان : سلێمانی

داوالەسەرکراو / سەرباز محمود حاجی

ناونیشان : نادیارە

داواکار (زهرا اسکندر بیگ زاده) داوایەکی بە ژمارە (٤٦٢٣/ش/٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە ئەم دادگایە بریاری لای خۆی دەرکرد لە بەروارى ٢٠١٩/٤/١ بە جیابوونەوە بە هۆکاری بەجێ هێشتن ، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە دا ئاماده بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسێن (سیالکا) یا ژمارە (١١١٢) ل (١٤ / ٤ / ٢٠١٩) و نقیسارا هەلبژاریێ تاخی (سیالکا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕۆژا ٣٠ / ٤/ ٢٠١٩ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگای باری کەسێتی هەولێر/٢

ژمارە/ ٦٠٦ /ب/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/١٨

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکراو (لیلی خالد محمد)جهێ ئاکنجیبوونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر/ڕیڤبەر ڕێپێدایی کومپانیا ئافا وەلات زیدەباری کاری وێ) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کوژمێ پارە ($١٥٥١٥) پانزە هزار وپینج سەد وپانزە دولار ئەمریکی ژ نەدانا قستی یەکا ژمارە (١٥) ژ ئافاهیا (H5) ل پروژی لیلاف ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا ڕیڤبەریا ڕاگەهاندنا دادی ل دهوکی ژمارە (١٠١٨) ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٤/٨ وراپورتا هەلبژێری تاخی نزارکی نوی ڕێکەفتی ٢٠١٩/٤/١ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا دوو ڕۆژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دم ژمێر (٩,٠٠) ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠١٩/٥/٧ وئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێرین دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ

دادوەر / ریبوار محمد حسن

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ١٢٤ /ش/ ٢٠١٩

ڕێکەوتی / ٢٢ / ٤ / ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : هاشم محمد شریف علو

ل دیف داخوازیا داواکارێ (امنه هاشم امین) وکێشا ژمارە (١٢٤ /ش/٢٠١٩) تێدا داخوازیا خەرجی هەیڤیین ژڤانا بخو ژتە دکت یا بەردایا تە بەرامبەرێ ڤێ دادگەهێ ڕوژ (٢٠١٨/٢/١٦) کوژمی خەرجی (٣,٦٠٠,٠٠٠) سێ ملیون وشەش سەد هزار دینار عراقی یاهاتی دانان لدیف ڕاپورتا شارەزایێ ل (٢٠١٩/٤/٣) بەرامبەری ڤی دادگەهێ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسین (زاخو) یاژمارە (١١٠٢) ل (١٤ / ٤ / ٢٠١٩) و نقیسارا بەربژارێ تاخێ (ئاشتی/١) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٥ /٥/ ٢٠١٩ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خوڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ١٨٠ /ش/ ٢٠١٩

ڕێکەوتی / ١٨ / ٤ / ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : رحمه کریم اسماعیل

ل دیف داخوازا داواکار(عمر مصطفی اسماعیل) وکێشا ژمارە (١٨٠ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژێکەڤەبون ژتە دکت ، و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسێن (سیالکا) یا ژمارە (١١١٢) ل (١٤ / ٤ / ٢٠١٩) و نقیسارا هەلبژاریێ تاخی (سیالکا) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٣٠ / ٤/ ٢٠١٩ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە: ٣١٠/ش/٢٠١٩/٢

بەرووار: ٢٠١٩/٤/٢٣

جاڕدان

بۆ داوالێکراو (شعلان محمود عسکر) شوێنی دانیشتن نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٣١٠/ش/٢٠١٩/٢) وەلەبەرواری (٢٠١٩/٤/١٤) بڕیاریدا لەسەر (تفریق للهجر) لە نێوان تۆو داواکار (نور عدنان هاتف)، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/شقلاوە- گوندی میراوە), بۆیە دادگا بڕیاریدابە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی و (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارانە, بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسین کریم

***

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ

بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٧/٣٠٠/١/١

ڕێکەفت: ٢٠١٩/٤/٢١

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت بو جارا دووێ کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو فروتنا (٨) هەشت پارچێن ئەردی بێن ژمارە (٧٠/٦، ٧١/٦، ٧٢/٦، ٧٣/٦، ٧٤/٦، ٧٥/٦، ٧٦/٦، ٧٧/٦) کەرتێ (٦٤) کەلەکچی هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا کەلەکچی بکەت د ماوێ ١٥ پانزە ڕوژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕوژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا کەلەکچی دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

ڕێڤەبەرێ گشتی

***

دادگای کەتنی قوشتەپە

ژمارە:٣٢/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٥

ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (محمد تقی عباس)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣) لەیاسای بنەماکان دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٧ بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٥ لە یاسای سزاکان) بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکەت ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر / معتصم امین لیلانی

***

دادگای کەتنی قوشتەپە

ژمارە:٣٣/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٥

ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هوراز ڕحمان حسن)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣) لەیاسای بنەماکان دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٧ بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٥ لە یاسای سزاکان) بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکەت ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر / معتصم امین لیلانی

***

دادگای کەتنی قوشتەپە

ژمارە:٣٣/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٥

ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هوراز ڕحمان حسن)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣) لەیاسای بنەماکان دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٢٧ بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٥ لە یاسای سزاکان) بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکەت ئەنجام دەدرێت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.

دادوەر / معتصم امین لیلانی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٣٨١٦

بەروار: ٢٠١٨/٦/٥

بریاری داخستنی لقی کۆمپانیا

دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردن لقی کۆمپانیای (TEHNOTOP GROUP S.R.L / بۆ هێنانی و گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان/ سنوردار (ڕۆمانیا) وە پاڵپشت بە ماددەی (١٥) لەسیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩.

من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە داخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٨/٦/٥

مافپەروەر/ دلزار اسماعیل احمد

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٣٠٠١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٣

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (NOBBY CREW) بۆ (دابین کردنی خۆراك و خاوێن کردنەوە/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو. من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕۆوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/4/24 ژمارە (5736) | خەبات

خوێندنەوەیەکی تر

سەبارەت بەنەخشە هەڵکۆڵکراوەکەی دەربەند گاور

کەمال نوری مەعروف

(2-2)

پێشەکی:
شارەزایان و پسپۆڕان زۆرن ئەوانەی لەسەر نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەند گاوریان نووسیوە، بەڵام لەڕاو بۆچوونەکانیاندا جیاوازییان هەیە لەدیاریکردنی ناسنامەی پیاوی سەرکەوتووی نەخشەکەدا، ئەوەش وایکردووە نەتوانن رایەکی دروست لەسەری بدەن بۆ دیاریکردنی مێڕووەکەی. هۆکاری هەموو ئەو رایانەش لەبۆچوونیاندا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی نەخشەکە نووسینی لەسەر نییە تاوەکو بەهۆیەوە سنوور بۆ سەردەمەکەی دابنێن. بۆیە گەیشتن بەمێژووی نەخشەکەو دیاریکردنی سەردەمەکەی هەر دەبێت لەڕێگای بەراوردکارییەوە بێت لەنێوان نەخشی ناوبراوو نەخشە جۆراوجۆرەکانی تردا هەربەوەش دەتوانین بگەینە ئەنجام بۆ بەدەستهێنانی مێژووی نەخشی ناوبراو کە هونەرمەندی نەناسراو توانیویەتی بەوێنە رووداوی چیرۆکێکمان بۆ دەربهێنێت کە هونەری هەڵکۆڵینی شارستانیەتێکی کۆنمان بۆ پێناسە بکات.

ئەگەر بەوردی لەوێنەی پیاوی جەنگاوەرەکە وردبینەوە دەبینین سەری بەشێوەیەکی گەورەو خڕ دەرهێنراوە هەروەها چەناگەیەکی کورتی هەیەو قژێکی زۆری بەسەرەوەیە کە بەکۆمەڵ لەدواوە بەستوویەتی جگە لەوەش لووتی بەشێوەیەکی نیوە کەوانەیی هاتۆتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین هەموو ئەو سیفەتانە لەمرۆڤی سەردەمی ئۆری سێیەمدا بەرچاو دەکەون هەروەها هەمان ئەو سیفەتانەشن لەمرۆڤی کوردستانیشدا هەن، زۆری قژو ڕیشی درێژی جەنگاوەرەکەش بەڵگەی گەورەیی و هێزو دەسەڵتی نیشاندەدات کە بەزۆری لەوێنەی پادشاکاندا دەبینرێن.

دەرهێنانی ماسولکەکانی سنگی پیاوی سەرکەوتوو و هێنانەنەوەی بەشێوەیەکی سروشتیی و دروستکردنی گۆشەیەک لەهێنانەوەی لاق و باسکی ئەوە دەگەیەنێت کە هونەری هەڵکۆڵین لەم چاخەدا بەرەو پێشچوونەوە پەیڕەوی قوتابخانەی هونەری سۆمەری نوێی کردووە، ئەمەش بەرزبوونەوەی رادەی هونەرەکەیەو رزگاربوونە لەو سەردەمەی پێش خۆی، ئەم دیاردەیەش لەو هونەرەدا کەسەری هەڵداوە بەهۆی گۆڕانکاری رامیاریی و سەربازییەوە هاتووەتە پێشێ کە بەهۆی دەرکەوتنی زلهێزی نوێوە ناوچەکەی لەچاخی نوێدا گرتووەتەوە. لەم تابلۆیەدا هەروەکو باسمانکرد هونەرمەندی نەناسراو چیرۆکێکی بەوێنە بۆ دەرهێناوین تێیدا بەشە جیاجیاکانی نیشانداوین ئەمجۆرە هونەرەش لەبنەمادا بۆ هونەری ئەکەدی کۆن((16دەگەڕێتەوە. ئەمەش لەپیاوی سەرکەوتووەوە دەست پێدەکات تاوەکو دەگاتەوە بەکۆتاییەکەی کە خستنە خوارەوەی دیلەکانە واتە گەڕانەوەیەکە بۆ هونەری بەرلەخۆی کە لەمیلی سەرکەوتندا بەرچاو دەکەوێت واتە ڕیانەوەی سەردەمێکی تری لەبەرگێکی نوێدا کە ئەنجام دەبەخشێت.

بەراوردێک لەنێوان پیاوی سەرکەوتوی بێتواتەو پیاوی سەرکەوتووی دەربەند گاور دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کەسەکان لەهەردوو نەخشەکەدا کلێوێکی خڕی هاوشێوەیان لەسەردایە ئەمەش بەناوبانگترین کلێوە کە لەسەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەم (2004-2112پ.ز) لەوێنەکاندا دەرکەوتووەو بەردەوامیش بووە تاکو چاخی دوای ئەوانیش هەر ماوەتەوە، کلێوەکەش لەهەردوو شێوەکەدا لێوارێکی پانی هەیە، ئەو لێوارەی لەکلێوی پیاوی سەرکەوتوی بێتواتەدا بەرچاو دەکەوێت شێوەی مانگی لەسەر دەرهێنراوە ئەمەش پێدەچێت پەیوەندی بەبیری ئاینی خاوەنەکەیەوە هەبێت(.(17وەکو دیاریشە ئەو خوایە لای سۆمەریەکانیش پلەو پایەی بەرزی هەبووەو لەزمانی سۆمەریشدا بە (ئانزۆ) ناسراوە.

دەموچاوی پیاوی سەرکەوتووی بێتواتە دیارە گەنجەو ریش و سمێڵی نییە، بەڵام وێنەکەی پیاوی دەربەند گاور تەمەنی مام ناوەندییەو ریشێکی لاکێشی درێژی هەیە، لەهەردوو کەسەکەدا قژیان لەڕێر کلێوەکانیانەوە بەرچاو دەکەون، لەنەخشەکەی بێتواتەدا کەسەکە ملێکی درێژی هەیە، بەڵام ئەوەی دەربەند گاور ملی کورتەو بەسنگیەوە نووساوە، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین: ئەو هونەرکارییەی لەهەردوو میلەکەدا بەچاو دەبینرێن لەوەی بێتواتەدا زیاتر پێشکەوتووتر بووە ، بەپێچەوانەی ئەوەی دەربەند گاور، جگە لەوەش لێواری جلێک لەنەخشەکەی بێتواتەدا لەبەشی سەرەوەیدا دیارە لەوانەیە جلی ڕێرەوەی کەسەکە بێت. لەنەخشەکەی دەربەند گاوردا کەسەکە ملوانکەکەی شێوەی کەوانەیی وەرگرتووە کە لەوەی بێتواتە دەچێت، بەشی سەرەوەی کەسەکەی دەربەند گاور رووتە، ئەوەی بێتواتە باسکی چەپی بۆ لای سەرەوە بردۆتەوە هەروەکو لەڕۆشتندا بێت وایە و ئانیشکی گۆشەیەکی نووک تیژی دروست کردووە کە لەوێنەکەی دەربەند گاور دەچێت، لەبەرئەوەی ئانیشکی بۆ خوارەوە بردۆتەوە گۆشەیەکی پێکهێناوە، لەهەردوو میلەکەشدا کەسەکان مەچەکیان بازنی تێدایە ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی بڵێین بەکارهێنانی خشڵ و بابەتەکانی تری بەڵگەی گەورەیی کەسەکان دەردەخات، لەهەمان کاتیشدا ئەو بابەتانە بەباوەڕی سەردەمەکە هێزێکی سیحری تێدایە خاوەنەکانیان دەپارێزێت، بۆیە لێرەدا جارێکیتر دەتوانین بڵێین: کەسەکەی بێتواتە زیاتر لەکەسی میللی دەربەند گاورەوە نزیکە.

لەوە دەچێت کەسەکەی بێتواتە هێمایەکی هەڵگرتبێت کۆتایی نووکی هێماکە رووەو لای چەپ هاتووە، لەوەش زیاتر وێنەی کەسەکەی بێتواتە پشتێنێکی لەپشتدایە بووەتە بابەتێکی سەرەکی بۆ نەخشەکە، وا دەرکەوتووە لەناوەڕاستدا بەستبێتی و کۆتایی پشتێنەکەی بۆ خوارەوە شۆڕبووەتەوە، پیاوی دەربەند گاوریش شێوەی پشتێنەکەی چوار قەفەو لەتەنیشتەوە بەستراوە.

کەسەکەی بێتواتە لەسەر لاقی راستی چرچولۆچی تەنوورەکەی دیارە کە لەوەی دەربەند گاور دەچێت لەهەمان کاتدا لەگۆشەی راستی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی بێتواتەدا نووسراوێک لەشێوەیەکی داخوراودا دەبینرێت، هەرچەندە بەشی خوارەوەی کەسەکەی بێتواتە دەرنەکەوتووە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەوەی بەشی سەرەوەی دەربەند گاوردا بەراورد بکرێت لەوە دەچێت لەکاتی ڕۆشتندا بێت و بەسەر شاخدا سەربکەوێت، بەوەش هەردوو وێنەکە لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە.

بەراوردێک لەنێوان کلێوی پیاوی سەرکەوتووی دەربەند گاورو ئەو کلێوەی لەسەری پیاوێکدایە کە بەرامبەر خواوەند عەشتار وەستاوە کە لەسەر مۆرێکی لوولەیی لەچاخی سۆمەری نوێدا هەڵکۆڵراوە بۆمان دەردەکەوێت کلێوەکان لەشێوەدا لەیەکترن دەچن(18).

هەروەها هەمان بەراورد دەتوانین لەگەڵ ئەو کلێوەی لەسەری (ئورنەمۆ) دا بکەین سەرئەنجام بۆمان دەردەکەوێت کلێوەکان هاوشێوەن جگە لەوەش قڕیان بەکۆکراوەیی لەدواوە دەبینرێن، کە بەشێکی لەگەڵ گوێیاندا دیارن.

ئەم لێکچوونە لەهونەرەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەیەکی نوێ لەهونەرداو گەڕانەوەو بەردەوامی وەکو قۆناغ لەو ڕۆژگارەدا کە هەبوە. بەراوردێک لەنێوان ریشی پیاوی سەرکەوتوی دەربەند گاورو ریشی ئەو پیاوانەی لەسەر مۆرە لوولەییەکانی چاخی سۆمەری نوێ هەڵکۆڵراون، هەروەها هەمان بەراوردکاری لەگەڵ ریشی (ئورنەمۆ)دا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کەڕیشەکان لەشێوەدا دەچنەوە سەربەک، ئەو بەشەی ریشیان لەچەناگەیانەوە نزیکن تاشراون، لێرەوە تاڵەکان پێچاوپێچ بەرەو خوار هاتوونەتەوە کە لەشەپۆلی ئاو دەچن.

بەراوردێکی تر لەنێوان ریشی پیاوی دەربەندگاورو ریشی پیاوی سەری وەرشاوی نەینەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕیشیان جودایە، چونکە هەریەکێکیان سەر بەقوتابخانەیەکی هونەری جیاوازە(19).

ئەم لەیەک نەچوونەش ئەو رایە دەداتە دواوە کە پیاوی دەربەند گاور نابێت بخرێتە پاڵ نەرام سین.

ئەو پشتێنەی لەپشتی پیاوی دەربەند گاوردایە کە بەچوارقەف بەستراوە لەشێوەدا لەوجۆرە پشتێنانە دەچێت کە لەسەر جلکی پیاوانی میدی بەستراون هەروەها لەو پشتێنانەش دەچێت کە ئێستا کوردی باکوور لەکوردستانی باشوور لەسەر جلەکانیان دەیبەستن، بەهەمان شێوە لەو پشتێنانەش دەچێت کە برا ئێزدییە کوردەکان لەسەر جلە میللیەکانیان دەیبەستن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو جۆرە پشتێنەو بەستنی بەوشێوەیە لەکۆنەوە هەتا ئێستاش بۆمان ماوەتەوەو لەناوماندا باوەو بووەتە بەشێک لەجلوبەرگمان.

بەراوردێکی تر لەنێوان پیاوی دەربەند گاورو (نەرام سین)ی میلی سەرکەوتن ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەلەهەندێک لایەنەوە یەکدەگرنەوەو لەهەندێکی تردا جیادەبنەوە، یەکەمیان هەردوو کەسەکە ئامێری جەنگییان پێیە کە دەبڕین لەهێزو دەسەڵتیان دەکات جگە لەوەش کەسەکەی دەربەند گاور لەسەرکەوتندا بۆ سەر شاخەکە بەردەوامە بەپێچەوانەوە (نەرام سین) لەمیلی سەرکەوتندا لەبەردەم شاخە بەرزەکەدا لەبەشی سەرەوەی میلەکەدا وەستاوە بەجۆرێک سەیری شاخەکە دەکات لەوە دەچێت سەرسام بێت و کاریگەریەکی گەورەی لەسەر دەروونی بەخراپی جێهێشتبێت(20).

ئەم دوو لاشەیەی دەکەونە ڕێر پێی (نەرام سن) لەمیلی سەرکەوتندا ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ ئەو دوو لاشەیەی دەکەونە ڕێر پێی پیاوی دەربەندگاور دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین: ئەو لاشەیەی دەکەوێتە ڕێر قاچی چەپی (نەرام سین) وەکو ئەو لاشەیە وایە دەکەوێتە ڕێر قاچی چەپی پیاوی دەربەند گاور، هەردوو لاشەکەش لەشێوەی کەوتنەخوارەوەدان لەسەر شاخەکە، ئەو لاشەیەش لەهەردوو تابلۆکەدا کە دەکەوێتە ڕێر قاچی ڕاستی پیاوی دەربەند گاور وەکو هاوشێوەکەی وایە کە دەکەوێتە ڕێر قاچی چەپی (نەرام سین) لەمیلی سەرکەوتندا.

لەڕووی چەکەوە لێکچوونێک نابینین لەنێوان ئەو کەوانەی بەدەستی (نەرام سین)ەوەیە لەمیلی سەرکەوتندا لەگەڵ ئەو کەوانەی بەدەستی دیارە کەوتندا لەگەڵ ئەوەی بەشی سەرەوەی دەربەند گاوردا بەراورد بکرێت لەوە دەچێت لەکاتی ڕۆشتندا بێت و بەسەر شاخدا سەربکەوێت، بەوەش هەردوو وێنەکە لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوە.

بەراوردێکی تریش لەنێوان وێنەکانی میلی دەربەند گاورو میلی سەرکەوتنی (نەرام سین) ئەوەمان نیشان دەدات کە هەردوو میلەکە گوزارشت لەجۆرێک رزگاربوون دەکەن لەکۆتی هونەری پێشوو، ئەمەش هەوڵدانێکە بۆئەوەی وێنەکان بەپێی دوور نزیکییان لەبینەرەوە نیشان بدرێن، کە بەم دیاردەیە دەڵێن هونەری بینین (22).

سەرئەنجامی باسەکە:

لەئەنجامی هەموو ئەو بەراوردکارییانەی کردمان لەنێوان نەخشی هەڵکۆڵراوی (دەربەند گاور) و نەخشە جۆراوجۆرەکانی تردا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین:

1- نەخشەکەی دەربەند گاور پێدەچێت هی سەردەمێکی دواتر بێت لەچاخی ئەکەدی کە دەتوانین بەچاخی گوێزانەوەی هونەری سەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەمی دابنێین.

(2004-2112پ.ز). بەپێی هەندێک لەدیمەنەکانی نەخشی هەڵکۆڵراوی ناوبراو دەگەینە ئەو رایەی کە تێیدا هونەری سەردەمی ئەکەد لەهەندێک لەدیمەنەکانیدا ڕیاوەتەوە هەروەکو لەدیلەکاندا بەرچاو دەکەوێت، کە بەشێوەیەکی بچووک لەنەخشەکەی دەربەند گاوریشدا دەهێنراون.


وا دیارە هەمان تێڕوانین بەرامبەر بەدیل لەڕۆژگاری دواتریشدا هەر مابێتەوە، ئەمەش یەکێکە لەخاسیەتەکانی هونەری ئەکەدی وەکو لەسەر لاشەی دوڕمنە کەوتووەکەی بەردەمی (نەرام سین) لەشێوەی منداڵێکدا نیشاندراوە، بەڵام لەوەی میلی دەربەند گاوردا هەمان دیاردە لەبەرگێکی نوێتردا دووبارەکراوەتەوە.

2- خاوەنی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەند گاور لەشێوەی خۆ دەرخستنیا هاوشێوەی خۆدەرخستنەکەی (ئیدی سن)ی پادشای سیمۆڕۆم و(زابازۆنا)ی کوڕیەتی کە بۆ هەزارەی دووەمی پ.ز دەگەڕێتەوە یان (ئیدی سن) لاسایی پیاوی سەرکەوتووی دەربەند گاوری کردبێتەوە، چونکە بەپێی سەردەم نەخشەکەی دەربەند گاور کۆنترە.

3-پێدەچێت خاوەنی نەخشەکەی دەربەند گاور بۆ شولگی پادشای بنەماڵەی ئوری سێیەم بگەڕێتەوە (2047-2094پ.ز) کە لەسالی 24ی فەرمانڕەواکەیدا توانیوێتی چەند جارێک هێرشی سەربازی بەرێتە سەر هەرێمەکانی باکووری خۆرهەڵێتی میسۆپۆتامیا بەتایبەتی ناوچەی سلێمانی کە بەزاموا ناسراوەو دڕ بەلۆلۆییەکان جەنگاوە(.(23بۆیە پێدەچێت نەخشەکەش یادگاری یەکێک لەو بۆنانە بێت.

4-بەپێی سەرچاوە میژوویەکان و بەڵگە شوێنەوارییەکان بیری ئاینی لەرۆژگاری نەخشەکەدا هەرچەندە سەردەمی فرە خوایەتی بووە، بەڵام خواوەندی سەرەکییان بەپلەی یەکەم خۆر بووە کە دواتر بە (میترا) ناسراوە بەدوای ئەویشدا مانگ دێت کە بە (سین) ناسراوەو دواتر ناوبانگی لەبنەماڵەی بابلی نوێدا پەیدا کردووە لەسەردەمی پادشا نابونائید کە لەشاری حەران پەرستگایەکی بۆ دروست کردووە.

*** تێبینی لەبەر زۆری پەراوێزو سەرچاوەکان نەمانتوانی لەگەڵ بابەتەکە بڵاوبکرێتەوە، لەخەبات پارێزراوە.**





تەقینەوەکانی سریلانکا..



ئاکام و دەرهاوێشتە

عەبدولقادر کەڵهۆر – ئاژانسەکان

ڕێژەی قوربانیانی زنجیرە تەقینەوەکانی سریلانکا کە لە کڵێسا و هۆتێلەکانی ئەو دەوڵەتە ڕوویدا گەیشتە زیاتر لە **290**کوژراو و **500**بریندار ، لەوەتەی کۆتایی هاتنی جەنگی نێوخۆیی لەو وڵاتە بەچەند دە ساڵێک ئەوە بە خراپترین و توندترین هێرشی خوێناوی دادەنرێت کە دووچاری ئەو دوورگەیە دەبێتەوە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا.

هەشت تەقینەوەی یەک لەدوای یەک

هێرشەکان کە ژمارەیان هەشت بوو بە هەماهەنگی و بەرنامە بۆ داڕێژراو کرایە سەر چەند کڵێسایەک کە سەرقاڵ بوون بە گێڕانی ڕێوڕەسمی جەژنی فوسحی کریستیانەکان و چەند هوتێلێکی گەورە کە تایبەتمەندن بە میواندارێکردنی کەسایەتی جیهانیی ناودار .لەو بارەوە گوتەبێژی پۆلیسی سریلانکا کە داوایکرد ناوەکەی ئاشکرا نەکرێت ڕایگەیاند، ژمارەی قوربانییەکانی ئەو زنجیرە تەقینەوەیەی کە ژمارەیەک کڵێسا و هوتێلی کردە ئامانج گەیشتە زیاتر لە **290**کوژراو و **500**بریندار . هەروەها گوتیشی بۆمبێکی چێنراویش لە فرۆکەخانەی سەرەکی کۆلۆمبۆی پایتەخت پوچەڵ کراوەتەوە.

کێ بەرپرسیارە؟

پۆلیسی سریلانکا ئاشکرای کردووە کە لە نێو کوژراوەکاندا **3**هیندی و **3** بەریتانی و **2**تورک و پورتوگالیەک هەن ، هەروەها وەزارەتی دەرەوەی سریلانکا ڕایگەیاند سەربارەی ئەو دانیشتوانی ئەو وڵاتە تێپەڕ ناکات ،کرایە ئامانج و هێرشی کرایە سەر ، بەڵام بەو شێوە درندەییەی ئەو جارە نەبوو . ئەوەی جێی سەرنجە تاکو ئێستا هیچ لایەنێک بەرپرسیارییەتی خۆی لەو هێرشانە ڕانەگەیاندووە، بەڵام پۆلیسی سریلانکا ڕایگەیاند کە تواندا **24**کەسی گومانلێکراو دەستگیر بکەن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکەن.شەش لەو تەقینەوانە یەک لەدوای یەک ڕوویانداوە ، دوای دوو سەعاتی دیکە دوو تەقینەوەی دیکە ڕوویدا کە خۆکوژی بوون و یەکێک لە ڕیزی هاوواڵتیان خۆی تەقاندبووەوە ،کاتێک نۆرەیان گرتبوو بۆ خواردنی نانی بەیانی .

دەربارەی قوربانیان

پۆلیسی سریلانکا ئاشکرای کردووە کە لە نێو کوژراوەکاندا **3**هیندی و **3** بەریتانی و **2**تورک و پورتوگالیەک هەن ، هەروەها وەزارەتی دەرەوەی سریلانکا ڕایگەیاند سەربارەی ئەو کۆژراوانە **9**کەسی بیانی دیارنین و شوێن بزرن و **25** تەرمیش ناناسرێنەوە گومان دەکرێت کەسانی بیانی بن. یەکێک لەو کڵێسایانەی کە هێرشی کراوەتە سەر کڵێسای قەدیس ئەنتۆنیۆسە لە کۆلۆمبۆی پایتەخت و بەتەواوەتی کڵێساکە دارماوە.

هۆشداریی

لەلایەکی دیکە، بە گوێرەی زانیاریەکان، فەرماندەی پۆلیسی سریلانکا بۆگۆس جایا سۆندرا یاداشتێکی ئاراستەی فەرماندەکانی پۆلیس کردووە و تیایدا هۆشداریی داوە لەوەی ژمارەیەک خۆکوژ خۆیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ژمارەیەک کڵێسای گەورەی دیکەی ئەم وڵاتە .سۆندرا لە یاداشتی ئاگادارکردنەوەکەیدا نووسیویەتی: ئاژانسی هەواڵگری دەوڵەتێک ئاگادارمانی کردووەتەوە، گروپی تەوحیدی نیشتمانی "خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی چەند هێرشێکی خۆکوژی بۆ سەر چەند گەورە کڵێسایەک و کۆمیسیۆنی هیند لە کۆلۆمبۆی پایتەخت ئەنجام بدەن.پارسڵیش حکومەتی سریلانکا ئەو گرووپەی تۆمەتبار کرد بەوەی کە پەیکەری بوزایان تێکشاندبوو.لەلایەکی دیکەوە سەرۆکوەزیرانی سریلانکا ڕانێل ویکەر یمیسینگی گوتی: زانیاری لە هەمبەر ئەگەری ڕوودانی هێرشەکان هەبوون، بۆیە دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەین دەربارەی ئەوەی ئاخۆ بۆچی هیچ ڕێکارێک بۆ ڕێگرتن لەو هێرشانە نەگیراوەتە بەر ..

وەبیرهێنانەوەیەک

جێی پێزانینە دەیان ساڵە سریلانکا ململانێیەکی ئیتنی و ئایینی توند بەخۆوە دەبینێت لەوانە کێشە و ململانێ و کوشتاری پلەنگەکانی تامیل کە **37** ساڵی خایاند دواتر بە شکستی تامیلەکان کۆتایی هات .. دوای ئەوە ململانێی نێوان موسڵمان و بوزییەکان ..

زۆربەی دانیشتوانی سریلانکا شوێنکەوتووی ئایینی بوزین ، کەمینەیەکی کەمی کریستیانی کاسۆلیکی تێدایە کە ژمارەیان نزیکەی **1.2**ملیۆن کەس دەبێت . بوزییەکان ڕێژەی **70**٪ ی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن و هیندۆسەکانی **12**٪ و موسڵمانیش **10**٪.



زمانی ژمارە

یەکە سەربازیەکانی ڕووسیا لە جیهان:

پێگە سەربازیەکان و هێزە ئاشتیپارێزەکان

- لە 8 وڵاتدا پێگەی سەربازیی هەیە: سوریا، ئەبخازیا، ئەرمینیا، بیلاڕووسیا، کازاخستان، مۆلدۆڤیا، تاجیکستان، ئۆسیتیای باشوور.
- لە دوو وڵاتدا پێگەی لۆجستی هەیە: سووریا، ڤێتنام .
- لە 8 وڵاتدا هێزی ئاشتیپارێزی هەیە : باشووری سوودان ، لوبنان ، کۆنگۆ ، لیبیریا، ساحل ئەلعاج، دوورگەکانی هاییتی، مەغریب، قوبرس.
- لە ڕابردوودا لە 8 وڵاتی جیهان پێگەی سەربازی هەبووە: ئازەربایجان ، ڤێتنام، ئێران، ئەڵمانیا، جۆرجیا، مەنگۆلیا، پۆڵەندا، کوبا.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1859:
دەست بە هەڵکەندنی کەناڵی سوێس کرا .



ساڵی 1915:
لە جەنگی یەکەمی جیهاندا بۆ یەکەم جار گازی خەردەل بەکار هێنرا .



ساڵی 1980:
هەوڵێکی ئەمەریکا بۆ ئازادکردنی دیلەکانی لە تاران شکستی هێنا .



ساڵی 1991:
دەست بە بڵاوکردنەوەی چاودێرانی نێودەوڵەتی کرا لەسەر سنووری نێوان عێراق و کوێت .



ساڵی 2003:
تارق عەزیزی جێگری سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق خۆی ڕادەستی دەزگا ئەمنیەکان کرد .



ساڵی 2017:
لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی فەرەنسا ، ماکرۆن و مارین لوبان خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید کرد .

پرۆفایل ..



جۆزیف بروز تیتۆ ...
دوایین هێمای شیوعیەت

ئا : هەندرین شێرزاد

یەکێکە لە گرنگترین هێما سیاسیەکانی سەدەی بیست ، زۆر بە توندی رووبەڕووی نازیەت و یەکێتی سۆڤیەت بووەوە ، هاوکات بە داڕێژەری سیاسەتێکی تایبەت بۆ یوگسلافیا دادەنرێ ، هەروەها بەسەر هەموو ناکۆکیە نەتەوەخوازیی و رەگەزیەکانی وڵاتەکەی زاڵ بوو . زۆربەی سەرچاوەکانیش بە دوایین شیوعی ناویان بردووە .

تیتۆ کێیە ؟

ناوی جۆزیف بروز تیتۆیە .
رۆژی 7ی مایۆی ساڵی 1892لە گوندی کومرۆڤیچ لە باکوری کرواتیا لەدایک بووە .
باوکی کرواتی بووە و دایکی سلۆڤینی .
ساڵی 1900چۆتە قوتابخانە ، بەڵام بە مەبەستی کارکردن رووی کردۆتە شار و خوێندنی تەواو نەکردووە .
ساڵی 1907لە یەکێک لە کارگەکانی شاری سیساک کاری کردووە ، دواتر تا ساڵی 1913ئاسنگەریی کردووە .
هەمان ساڵ چۆتە ریزی سوپای نەمسا و لەکاتی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهان رەوانەی بۆدابێست کراوە .
دوای دوو ساڵ ، رەوانەی بەرەی رۆژهەڵات کراوە بە مەبەستی شەڕکردن لە دژی ڕووسەکان ، بەڵام لە یەکێک لە شەڕەکاندا بریندار دەبێ و دەکەوێتە دەستی هێزەکانی ڕووسیا .

ژیانی سیاسی

بە مەبەستی چارەسەرکردن ، بۆ ماوەی 13مانگ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی بروسیا ماوەتەوە .
دواتر رەوانەی یەکێک لە بەندیخانەکانی چیای ئۆرال کراوە و لەوێ لەلایەن بەندکراوانەوە دەستنیشان کراوە کە ببێت بە سەرکردەیان . ئەمە بووە دەسپێکی قۆناغی ژیانی سیاسی تیتۆ .
ساڵی 1917یەکەم شۆڕشی لەو کاتەوە بوو بە یەکێک لە هەوادارانی شیوعیەت ، هەروەها سەرسام بوو بە سیاسەتەکانی لینین و هزری بەلشەڤی .
بەلشەڤی لە سەدەی بیست بە سەرکردایەتی ڤلادیمیر لینین بەرپا کرا و هەر ئەو کاتە هێرش کرایە سەر بەندیخانەکان و سەرجەم دیلەکان ئازاد کران ، تیتۆش یەکێک بوو لەوانە .
بە تۆمەتی ئەندامێتی لە شۆڕشی بەلشەڤی دەستگیر دەکرێ بەڵام لە بەندیخانە رادەکات .
دەچێتە ریزەکانی سوپای سوور و حزبی شیوعی .
دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشەڤی و ڕووخانی دەسەڵاتی ڕووسی ، دەگەڕێتەوە یوگسلافیا و دەبێتە ئەندامی حزبی شیوعی یوگسلافی .
ساڵی 1935ڕوو دەکاتە سۆڤیەت و دووساڵ دواتر ستالین داوای لێ دەکات بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و جارێکی دیکە ریزەکانی حزبی شیوعی یوگسلافی ڕێک بخاتەوە .



گەیشتن بە دەسەڵات

رۆژی 6ی ئەپریلی 1941و دوای بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهان ، ئەڵمانیا یوگسلافیای داگیر کرد و لە بەرامبەردا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران تیتۆ بڕیاری دامەزراندنی لیژنەیەکی سەربازی دا لەناو ریزەکانی حزبی شیوعی .
رۆژی 27ی یۆنیۆی هەمان ساڵ ، لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی یوگسلافی تیتۆی وەک سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان دەستنیشان کرد .
دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهان ، تیتۆ وەک سەرۆکوەزیرانی وڵات دامەزرێنرا .
دواتر پایەی یەکەم سەرۆک کۆماری یوگسلافیای پێ بەخشرا .

کۆچی دوایی و داڕمانی یوگسلافیا

ساڵی 1979باری تەندروستی تێک دەچێ و قاچی چەپی دەبڕدرێتەوە .
رۆژی 4ی مایۆی 1980 کۆچی دوایی دەکات .
لە رێورەسمی ناشتنی تەرمەکەیدا ، سەرکردە و سەرۆکی زۆربەی وڵاتانی جیهان ئامادە بوون .
کۆچی دوایی تیتۆ بۆ هۆی داڕمان و هەڵوەشانەوەی یوگسلافیا ، ئەو وڵاتەی کە بریتی بوو لە سربیا و کرواتیا و سلۆڤینیا و بۆسنە و هەرسک و چیای ڕەش و مەکدۆنیا .

مانشێت



سکای نیوز:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 5.4دوو ویلایەتی باشووری مەکسیکی هەژاند و دەسەلاتدارانیش دەڵێن هیچ قوربانی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات :
حکومەتی ئەمەریکا کۆتایی بە بەخشینی ئەو وڵاتانە هێنا کە تا ئێستا نەوتیان لە ئێران دەکڕی .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دوای هێرشکردنە سەر سەرۆکی بەرەی ئۆپۆزسیۆن ، دەسەلاتدارانی ئەمنی تورکیا شەش کەسیان دەستگیر کرد لە نێویاندا ئەندامێکی پارتی داد و گەشەپێدان هەیە .



ئەی ئێف پی :
ژمارەی کوژراوانی تەقینەوەکانی سریلانکا گەیشتە 310 کەس .

بی بی سی:
زۆربەی لێکدانەوەکان بەو ئاراستەیەن کە لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئۆکرانیا زیلینسکی ئەکتەری کۆمیدی زۆرینەی دەنگەکانی وەدەست هێناوە .



کەناڵی ئار تی :
سوپای کۆماری ئیرلەندی داوای لێبوردنی کرد بەرامبەر بە کوژرانی رۆژنامەنووسێک لە هەفتەی رابردوو .



چیرۆکی ئاڵای وڵاتان

ئەلبانیا

هەڵۆ ، نیشانەی دەوڵەتە لە سەردەمی بێزەنتیەکان و بە زمانی ئەلبانیەکان مانای ناوی وڵات دەگەیەنی .
ئەم هەڵۆیە دوای سەربەخۆبوونی ئەلبانیا لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئاڵاکە زیاد کراوە .
ئاڵای ئەم وڵاتە لەلایەن ئەسکەندەر بیگی پاڵەوانی نەتەوەیی وڵاتەوە دروست کراوە ، ناوبراو لە سەدەی 15 لە دژی تورکەکان جەنگاوە .





ژینگەی گشتی و ژینگەی گەشتوگوزار لەژێر هەڕەشە و مەترسی گەورەدان

نادر روستی

زبڵ و خاشاک و پاشماوەکان کاریگەری زۆر مەترسیداریان لەسەر ئێستا و ئایندەی ژینگە بە گشتی و کەرتی گەشتیاری بە تایبەتی هەیە ،بەو هۆیەی کەرتی گەشتیاری لە ژینگەیەکی پیس و وێران گەشە ناکات، پیسکردنی ژینگە رەنگدانەوەی زۆر خراپی لەسەر پەکخستنی کەرتی گەشتیاری دەبێت، هەرچەندە ژینگە پیستر بێت گەشتیار کەمتر دێت بۆ هەرێمی کوردستان. لێرەوە باسی پیسکردنی دەشتودەر و سەیرانگە و پانتایەکان ناکەین کە چەند مەترسیدارن بۆ سەر سروشت و بۆ سەر کەرتی گەشتیاری، تەنیا بە ئامار مەترسی پیسی ژینگەی کوردستان بە هۆی فڕێدانی زبڵ و پاشماوەی ناو شارەکان دەخەینەروو.

ژووری بازرگانی هەولێر بە هاوکاری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان undpوۆرکشۆپێکی بۆ چارەسەرکردنی پاشماوە رەقەکان لە ڕێگەی کەرتی تایبەت ڕێکخست، نەورۆز مەولود وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە دەستپێکی وۆرک شۆپەکە، لە وتەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە 6.تا 7هەزار تەن خاشاک رۆژانە لە هەرێمی کوردستان دەبێتە پاشماوە. خەرجی کۆکردنەوە و گواستنەوەی 12ملیار دینارە لە یەک مانگ، لە ئێستادا دوو کارگەی ریسایکلین هەیە یەکەم لە دهۆک 600تا 700تەن جیا دەکاتەوە، کارگەی ئاکرێ 200تا 250تەن جیا دەکاتەوە ,پلانیش هەیە و ئامادەکاری کراوە بۆ جێبەجێکردن ریسایکلین بۆ هەولێر و سلێمانی دوکان و چەمچەماڵ و راپەرین و شەقلاوە. کەواتە رۆژانە زیاتر لە 6هەزارتەن خاشاک لە ناو ژینگەی کوردستان فڕێدەدرێ کە مانگانە دەکاتە 180هەزار تەن و سالانە دەکاتە 2ملیۆن و 160هەزارتەن. خەرجی کۆکردنەوە و گواستنەوەشی بۆ زبڵخانەکان سالانە دەگاتە 144ملیار دینار. ئەم داتایانە دەریدەخەن کە هەرێمی کوردستان لە ژێر چ مەترسیکی ژینگەی دایە ,هەروەها خەرجیکی زۆر بۆ کۆکردنەوە گواستنەوەی تەرخانکراوە بەبێ ئەوەی خاشاک و زبڵەکان لەناوببرێن. کەواتە چارەسەر چییە ؟

چەند پێشنیارێکی ستراتیژی بۆ ژینگەپارێزی

پاراستنی ژینگە لە ڕێگەی پەروەردەی تاک: حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی دامەزراوەکانی گرنگی بە زیادکردنی هۆشیاری تاک بدات و فێری بەرپرسیاریەتی بکات بۆ پیس نەکردنی ژینگە و پاراستنی ژینگە لە ڕێگەی وەزارەتەکانی پەروەردە و کاروباری ئایینی و خوێندنی بااڵ بە شێوەیەکی سیستەماتیک لە قۆناغی باخچەی ساوایەنەوە تا دەگاتە خوێندنی بااڵ پڕۆگرامی خوێند بە شێوەی تیۆری و مەیدانی کاری لەسەر بکات و ئەو شێوازەی هەیە بیگۆڕێت بە شێوازی وڵاتێکی پێشکەوتو.

بەشداریپێکردنی کەرتی تایبەت: دامەزراندنی کارگەی ریسایکلین لە ڕێگەی کەرتی تایبەت بە پاڵپشتی حکومەت بۆ شارەکانی هەرێم. بۆ ئەمەش ئەزموونی وڵاتان و شارەکانی جیهان زۆرە کە سوودیان لێوەربگیرێت، لەسەرەتا دەکرێ بەشێک لەو بودجەی بۆ کۆکردنەوە و گواستنەوە خەرج دەکرێ هاوکاری کۆمپانیاکانی پێ بکرێ بۆ دامەزراندنی کارگەکان.

ڕێکخستنی هەیکەلیەتی دامەزراوەکانی ژینگە پارێزی حکومەت لە یەک دامەزراوە: (دەستەی ژینگە، پێشمەرگەی ژینگەپارێزی، پۆلیسی ژینگە..) بکرێنە یەک دامەزراوە و دەسەلاتی یاسای و مادیان پێبدرێت.

کاراکردنی یاسای ژمارە 8ی بۆ پاراستنی ژینگە کە توانای سزادان و کۆکردنەوەی داهات و خەرجکردنەوەی داهاتی بۆ بەرژەوەندی ژینگە هەبێت.

دارشتنی پلانێکی ستراتیژی: بۆ ماوەی 20 ساڵ و پێدانی دەسەلات بە دامەزراوەکە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە.

لە ناو پلانە ستراتیژیکە گرنگی زۆر بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن بدرێت و هاوبەشیان لە کارو چالاکیەکان پێ بکرێت.

بو ئێکەم جار د مێژوویێ دا دیروکا دروستکرنا پرا دەلال هات دیارکرن



بێوار سندی: هەژیە بێژن پرا دەلال ئێک ژ شینوارێن هەرە دیروکی ناڤ و دەنگە سەر ئاستێ هەرێما کوردستانێ و عێراقێ مەلبەندەکێ گەشتیاریە سەر ئاستێ قەزا زاخو روژانە سەدان گەشتیار سەر ئاستێ نافخوی و ژ دەرڤە سەردانا پرا دەلال دکەن بو دیتنا ڤی جێ دیروکی و گەشتیاری بوراندنا دەمێن خوش گرتنا وێنەیێن یادگاری ، یا دیارە شێوازێ و دیمەنێ ڤێ پرێ بالکێش و جێ سەرسورمانێ یە بو گەشتیارا ژبەرکو ئەڤە ئێکەم پرا دیروکیە ب شێوازەکێ سەرنج راکێش ماتیە دروستکرن ، ئەف ئێکە بویە هوکار گەشتیار ژ هەمی دەڤەرێن کوردستانێ و عێراقێ و ژ دەرڤە سەردانا پرا دەلال بکەن ، ئەف شینەوارە بویە لاندکا شارستانیەتێ وەکو سومبولا باژێرێ زاخو ماتیە دیارکرن ئەف پرە بویە هاندەرەکو کو ریژا گەشتیارا ل باژێرێ زاخو سال بو سالێ بەرەف زێدەبونێ ڤە بت ، لێ تا ڤێ داوێن ژی چ شینوارناس نە گەشتبن چ ئەنجاما پرا دەلال ل کێژ چاخی ماتیە ئاڤەدانکرن گەلەک سەرباتی جیروک و میژوو بو ماتبن دیارکرن ، بلندالیا پرێ (١٥ م) و دریژای (١١٤م) فرەیا جادا وێ (٤.٧ م) ب بەرێ ماتیە دروستکرن پێک ماتیە ژ پێنج کڤانا ، ل روژا دووشەمبێ ریکەفتی ١٥/٤/٢٠١٩ د ریورەسمەکێ تایبەت دا بو سازیێن راگەماندنێ ل پرا دەلال ڕێڤەبەریا شینوارا ل پاریزگەا دهوکێ ب هەماهنگی دگەل ڕێڤەبەریا شینوارا ل زاخو ل دور سەخبێریکرن و دیروکا راستا پرا دەلال دا دیارکرن دیروکا پرا دەلال ل سالا ٤٧٠ ز ل سەر دەمێ ئیمبراتوریەتا بیزنتی ماتیە ئاڤاکرن ل سەر دەستێ ئیمبراتور زینو ئەف میژووو یە لدیف چەندین ڤەکولین و پشکنین بەلگا ل زانکویا هایدلبیرگ ل ولاتێ ئەلمانیا ئەنجام ماتنە دیارکرن ، قوناخا نیژەنکرنا پرێ ل سالا ٢٠١٤ دەست پێکربی ل سالا ٢٠١٧ ب داوی مات ل سەر دەستێ سوستایێن خومالی ل دیف ستاندارديێ جیانی چاڤدێریا کەسێن بسپور ماتە نیژەنکرن .





ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم پێشخستنی کەرتی گەشتیاری خرانەروو

لە وۆرکشۆپێک لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی کە بەشی گەشتوگوزاری زانکۆ پێی هەڵسابوو، بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار مەولەوی جەبار، سەرۆکی زانکۆ دکتۆر محمد سدیق، یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ بەڕێزان دکتۆر عومەر نوردینی، دکتۆرە رۆژان دزەیی، ڕاگری کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری دکتۆر ڕامیار ڕزگار، خاتو خانزاد و کاک نزمی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، ژمارەیەک مامۆستای زانکۆ و پەیمانگەی تەکنیکی بەشی گەشتیاری، ژمارەیەک لە بەڕێوبەرانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار، ژمارەیەک لە قوتابیانی بەشی گەشتوگوزاری زانکۆ، کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم پێشخستنی کەرتی گەشتیاری لە وۆرک شۆپێک لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی لە لایەن نادر ڕوستی نوسەر و ڕۆژنامەنووس وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزار هەرێمی کوردستان خرایەروو لە بابەتەکە باسی گرنگی پلانی ستراتیژی دەستە و ئەو کێشانە کرا کە ئاستەنگ بوونە لەبەردەمی کارکردن لە ئاستی عێراق و حکومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت و وەزارەتەکان و خوێندن و میدیا..... دواتر دکتۆرە هەتاو سەرۆک بەشی گەشتیاری لە پەیمانگای تەکنیکی کارگێری هەولێر بەشی گەشتیاری لە بابەتەکەی تێشکی خستە سەر ئەو ئاستەنگانەی کۆمەڵگە بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری بە تایبەت هەندێک داب و نەریت، دواتر م.هۆشیار دەربەندی سەرۆکی بەشی گەشتیاری لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی لە بابەتەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەو کێشانەی ڕووبەری گەشتیار دەبێتەوە لە وڵاتانی تورکیا و ئێران و .... پێویستە هەرێم سوودیان لێوەربگرێت و دوبارە نەبنەوە. واتە لە پەنەلێک ٣ بابەت لەسەر دەستنیشانکردنی ئاستەنگ و کێشەکان لە ناو هەرێم و لە دەرەوە و لە سەر ئاستی کۆمەلایەتی پێشکەش کران، دواتر دەرگای گفتوگۆ کرایەوە و سەرنج و پێشنیارەکان لە لایەن ئامادەبووان خرانەڕوو.

سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار لە پێنج خولەک باسی ئەو گۆڕانکاری و دەستکەوتانەی کرد کە لە چەند ساڵی رابرد و کاریان لەسەر کراوە و ئەنجامی زۆر باشی هەبووە، بە تایبەت هۆشیاری گەشتیاری لەسەر ئاستی حکومەت و هاوڵاتیان زۆر پێشکەوتوە، بۆیە گەشتوگوزار ئێستا لە بەرنامەی حزبەکان و لە سیاسەتی حکومەت جێگای بایەخە و لە ئایندە ڕۆڵی زۆر زیاتری دەبێت.

کۆمیتەیەکی هاوبەشی گەشتیاری لە نێوان هەرێم و ئامەد پێکدەهێنرێ

شاندێکی بازرگانی و پیشەسازی و ڕاگەیاندنی لە کوردستانی باکور لە شاری ئامەد سەردانی دەستەی گشتی گەشتوگوزاریان کرد، لە میانەی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم و سەرۆکی ژووری بازرگانی ئامەد پەیوەندی گەشتیاری گفتوگۆی لەسەر کرا، لە ئەنجام بڕیاردرا کە هەردولا هاوکاری یەکتر بکەن بۆ کاری گەشتیاری، بۆ کاری کردارێکی کۆمیتەیەکی هاوبەش دروست دەکرێ ژمارەیەک کۆمپانیای گەشتیار ڕادەسپێردرێن بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی لەسەری هاوڕابوون.



زۆر بوونی ئاو لە هەندێک شوێن بۆتە مەترسی بۆ گەشتیاران



بە هۆی خێری باران بەنداوەکان پڕبوون و ڕووبارەکان هەڵکشاون، لە هەندێک شوێن زیادەڕۆکانی لەسەر شوێنەکانی گەشتیاری رامالیوە و لە هەندێک شوێن زیانی بە خزمەتگوزاری گەشتیاری و شوێنی گەشتیاری گەیاندووە ,سەرەڕای ئەمەش لە هەندێک شوێن بۆتە مەترسی بۆ سەرگەشتیاران بە تایبەت ئەو ڕووبارانەی ئاویان زۆربووە ,بە تایبەت کاتێک هەندێک هاوڵاتی یان گەشتیار بیەوێت مەلەوانی بکات ڕەنگە بە هۆی نەشەرەزای و زیادبوونی ئاستی ئاو ببێتە هۆی خنکان. دوای پڕبوونی بەنداوی دووکان ئاوی زیادە لە بێل سێلەکەی دەڕژێت و وەک تاقگەیەکی بە خورش دێتە دەرەوە، گەشتیار و هاوڵاتیانیش بۆ بینینی دیمەنەکە دەچن وێنە دەگرن هەندێک جاریش بۆ سێلفی سەرکێشی دەکەن، ئەم ڕەفتارەش مایەی مەترسیە، چونک شەقام و شوێنەکە هیچ بەربەست و پەرژینێکی نییە، بۆیەهەر هاوڵاتیەک بخلیسکێ گیان لە دەست دەدات. هیوادارم بەرپرسانی قەزای دوکان ڕێوشوێنی گونجاو بگرنە بەر و هاوڵاتیانیش هۆشیاری مەترسی شوێنکە بن و سەرکێشی نەکەن.

فۆتۆ: مەهدی سالح

ئەمرۆ میلان و لازیۆ، سبەی ئەتلانتاو ڤیۆرنتینا



ئەمرۆ و سبەی لەیاری گەڕانەوەی یاریی قۆناغی پێش کۆتایی جامی ئیتاڵیا دوو یاری بەڕێوە دەچێت، ئەمشەو کاتژمێر 9:45خولەک بەکاتی هەولێر یانەی ئەی سی میلان میواندار یانەی لازیۆ دەکات، کە لەیاری چووندا هەردوولا بەبێ گۆڵ یارییەکەیان تەواو کردبوو، سبەی شەویش لەهەمان کاتد و لەسەر یاریگای ئەتلیتی ئەزوری دی ئیتاڵیا، یانەی ئەتلانتا میواندار یانەی ڤیۆرنتینا دەکات، یاریی چوونی ئەمانەش بەبەرامبەربوون بەلآم بە ئەنجامی 3-3گۆڵ کۆتایی هاتبوو، بەمەش براوەی هەردوو یاری دەگەنە یاری کۆتایی جامی ئیتاڵیا.

دوای بردنەوەی لە ناپۆلی
ئەتلانتا هیوای گەیشتنی بۆ خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا زیندوو بۆوە



یانەی ئەتلانتا توانی لەناو یاریگای لە یانەی ناپۆلی بە ئەنجامی 1-2گۆڵ بباتەوە و هیوای ببوژێتە گەیشتن بە پاڵەوانێتی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. بەم سەرکەوتنە یانەی ئەتلانتا خالەکانی بەرزبووەوە بۆ 56 خال و سەرکەوت بۆ ریزبەندی چوارەم کە یانەی میلانیش هەمان خاڵی هەیە بەڵام لەپلەی پێنجەم دێت، ئەمەی خوارەوەش دوا ریزبەندی خولی ئیتالیایە

یۆڤینتۆس 87
ناپۆلی 67
ئینتەر 61
ئەتلانتا 56
میلان 56
ڕۆما 55



مارکا: ئەوەی بەنزیمە کردی دی ستیفانۆ و ڕۆنالدۆش نەیانتوانیوە بیکەن

بەپێی بڵاوکراوەیەکی ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی، کەریم بنزیمە لەوەتەی زێدان گەڕاوەتەوە هەرچی لەتوانای بووە بەزیادەوە کردوویەتی، بەتایبەتیش گۆڵەکانی لە ئەنلەتیکۆ. ڕۆژنامەکە نوسیویەتی: بەتۆمارکردنی ئەو سێ گۆلە، ژمارەی گۆڵەکانی دەبێتە 8کە بەمدواییە تۆماری کردوون و مارکا ڕایگەیاندووە کە ئەمە یەکەم یاریزانە لە میژووی ریال وابکات، کە ئەفسانەکانی پێشووتر وەک دی ستیفانۆ بۆشکاش و تەنانەت ڕۆنالدۆش نەیتوانیوە ئەمە بکەن،

ماڵەوە شەترەنج بنەمایەکی ستراتیژییە بۆ هەر وەرزشوانێکی تر، ئەگەر وەرزشوان زانی چۆن شەترەنج بکات ئەوکات دەتوانێت تواناکانی خۆی پێش بخات





دیمانە: هاوار مورتکەیی

لەم چەند ساڵەی دوایی زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی تایبەتمەندییەکیان داوەتە سەر فێرکردنی منداڵان بەشێوەی ئەکادیمی و زانستی، زۆرێک لەو وڵاتانە یانە و ئەکادیمیای تایبەت بە فێرکردنی منداڵانیان کردۆتەوە، یەکێ لەوانە یانەی ماکدالینا دیاریە لە وڵاتی پیرۆ، کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی کادیری خاوەن بڕوانامەی جۆراوجۆریان بۆ تەرخان کردووە و حالی حازر ژمارەیەک منداڵ لەو یانەیە فێری شەترەنج دەکەن و هەوڵ دەدەن بە بنەمایەکی زانستی، منداڵان پێبگەیەنن، لەدیمانەیەکی تایبەتی لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەیات، خاتوو میلاگریتۆس دیل پیلار ڕاهێنەری یانەی ماگدالینا دیار تیشک دەخاتە سەر ئەو هەنگاوانەی بۆ فێرکردنی منالآن لەو یانە دەینێن.

بنەمایەکی ستراتیژی

خاتوو میلاگریتۆس Milagritos del Pilarکە لەدایک بووی ساڵی 1972ی شاری چیکلایۆی پیرۆیە دەربارەی چۆنییەتی فێرکردنی منداڵان گوتی: پێشەی من تایبەتمەندی فێربوون لە تەمەنێکی زووەوایە، لەو یانە وەرزشییە هەوڵ دەدەین منداڵان بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی فێرە یاری شەترەنج بکەین، ئەو پرۆگرامەی فێربوونیش پشت دەبەستی بە چیرۆک خوێندنەوە و گۆرانی و شانۆگەری تایبەت بەمنداڵان، لەپاڵ ئەمەدا منداڵان بەو ئاراستەیەدا دەبەین کە حەزیان بچێتە سەر یاری شەترەنج و فیری یاریبەکە بن، ئێمە پێمان وایە یاری شەترەنج بنەمایەکی ستراتیژییە بۆ هەر وەرزشوانێکی تر، چونکە ئەگەر وەرزشوان زانی چۆن یاری شەترەنج بکات، ئەوکات دەتوانێت تواناکانی خۆی لەهەر بواریکی بێت پێش بخات و گەشەی پێ بدات.

شەترەنج بۆ هەموو خانەوادەیەک

دواتر ئەو ڕاهێنەر گوتی: هەروەها ئەو ڕاهێنەرە زیاتر گوتی: بە ئەزموون و شارەزایی خۆم توانیم ڕۆڵم هەبێت لە سەرخستنی پرۆسەی خوێندنی وانەی شەترەنج لە قوتابخانەکاندا، زۆر بەو هەوڵە ماندووبووم، بەڵام بی ئومید نەبووم، سەرەتا زۆر بەربەست هاتنە پێشم و هەموو جاریک یاریبەم گواستەوە ناو خانەوادەکان لە وڵاتی پیرۆ، ئێستا تەنها لەو یانەیەی من ڕاهێنەرم نزیکەی 300منداڵ لەقۆناغی فێربوونی یاری شەترەنجن بەشێوەکی زانستی کە تەمەنیان لەنیوان 3تا 16ساڵیدایە.

خۆیان بریار بدەن

هەموو ڕۆژانی شەمە ڕاهێنانیان لە یانەکەدا پیدەکەم، ئەم هەوڵەشم دەنگزیەکی زۆری نایەوە کاتیک لەهەنگاوی یەکەمدا چەند بەهرەیەکی ئەو منداڵانەم دۆزیبەوە، دیارە لەسەرخستنی ئەم هەنگاوەشمدا کۆمپانیای PEQUECHESSهاوکارم بوونە و بەردەوامن، گەشبینم بە داهاتووی شەترەنج، چونکە بەمدواییە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و ڕۆژ دوای ڕۆژ بایەخی زیاتری پیدەدرێت، زۆر بەختەوەریشم کە لەگەل منداڵان کاردەکەم، ئەو منداڵانەی لەتوانایاندا هەیە لەدوارۆژدا خاوەن بڕیاری خۆیان بن و بزانن چ بڕیارێک دروستە لە ژیانیان بیدەن.

مان یونایتد فشار دەخاتە سەر پۆگبا

ڕۆژنامەی asلەبەرگی یەکەمی ژمارەی دوێنێی سێشەممە تیشکی خستۆتە سەر دوا ساتەکانی پۆگبا کە لە مانچستەر یونایتد دەژی، و بە مانشێتێکی گەورە نوسیویەتی: مانچستەر یونایتد فشار دەخاتە سەر پۆگبا.
تیتەکانی دیکەی لاپەڕەی یەکەمی ئەو ڕۆژنامەیە بریتیبە لە:
یانەکە خوازیارە بەفەرمی گرێبەستەکەی تازە بکاتەوە، ئەگەر ئەو نیازی هەبێت
جیابوونەوەی جەماوەر لەگەڵ پۆگبا چونکە لە شاری لیڤەرپوول سلاوی لە جەماوە نەکرد
کەنالی تلیفۆن ڕایگەیاند گفتوگۆکانی ریال لەگەڵ پۆگبا زۆر بەرەو پێش چووە




بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 24. Apr. 2019 No: (5736)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر





بۆردومانی قەڵادزێ بە فڕۆکەی هونەرمەند کەمال هەژار

پەیامێکی تۆندی لەسەر هونەری کوردی بڵاوکردەوە

هونەرمەند دیاری قەرەداغی:

بەدرێژایی پەنجا ساڵ لە گۆرانی کوردیدا پەنجا تێکستی سەرکێش و جوداو پڕ جورئەت نابینی



بەرهەم شێخ عزەدین

هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵی بەئەزموون دیاری قەرەداغی یەکێک لەهونەرمەندە نایابەنەیە کەجێ دەستی دیارە لەبواری هونەری کوردی، دیاری قەرەداغی زۆرجار قسە لەسەر هونەری کوردی دەکات و لەخەمی ئەم بوارەدەیە ،ئەم هونەرمەندە لەپەڕی تایبەتی خۆی بابەتێکی هەستیاری دەربارەی تێکستی گۆرانی نووسیوە و دەڵێت: بەدرێژایی پەنجا ساڵ لە گۆرانی کوردیدا پەنجا تێکستی سەرکێش و جوداو پڕ جورئەت نابینی بێ لەگۆرانیەکەدا، زۆرینەی بابەتی گۆرانی ئێمە شیوەن لەسەر کەلاوەی عیشق و جودایی و وەسفی سروشت و پیاهەڵدانی بەژنی کچێکی نەناسراو، دیوێکی تریشی وسف وسەنای سێکسییانەی لەشو لار و هەڕشەی فڕاندن تەنانەت گەر لە کۆشی میردیشیدا بێ و دایکی حەوت کوڕیش بێ هەر وازی لێ ناهێنێ، بە جدی ئەمەیە لوتکەی خەرمانی بەرهەمی هونەری گۆرانیمان،

لەدوماهی پەیامەکەیدا دیاری قەرەداغی دەڵێت: لە ئایندەدا بە وردی دەنوسم لەسەر ئەم باسە گرنگە لەسەر نەبونی سەلیقەی هەڵبژاردن و ترس و نەزانین لە دەست بردن بۆ بابەتی گرنگ و تازەو نامۆ لە بابەتی شیعریی لە گۆرانی کوردیدا.

پیری هونەرمەندانی خانەقین لە داهێنان بەردەوامە





فاتمە قاسم حەبیب: خانەقین

سەباح محێدین زەهاوی کە بە پیری هونەرمەندانی خانەقین ناسراوە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستی بە وێنەکێشان و کاری هونەری کردووە،لە ساڵی 1962و بۆ یەکەمینجار لە پێشانگای هونەری عێراق بەشداریکردووە و خەڵاتی پێشانگاکەی بەدەستهێناوە، هەرچەندە ئاستەنگەکان زۆر بوون لەبەردەمی لە سەدەی ڕابردوودا بەڵام کاری نەکردۆتە سەر ئەو کاروانەی کە گرتوپەتیە بەر، جێگای خۆشحاڵیە هەتا ئەمڕۆش لە کاروانەکەی بەردەوامە، زانی وەک وەفایەک پیری هونەرمەندانی خانەقین بەسەربکاتەوە، هەر بۆیەش، سەباح محێدین زەهاوی بۆ (خەبات) وتی : بەردەوام بە پێویستی دەکێشم، هەر چەندە تەمەنێکم هەیە بەڵام کەلەپووری کوردی دەچێت بۆیە لە کارەکانمدا ڕەنگدەداتەوە، بە زەیت و ئەکرەلک و چەقۆ، وێنە دەکێشم، هەر چەندە تەمەنێکم هەیە بەڵام کۆڵنادەم ..

کتێبخانەی گوندی حەساری گەورە کرایەوە





بەرهەم شێخ عزەدین

لە گوندی حەساری گەورە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووک، کتێبخانەی حەساری گەورە کرایەوە..

حەساری گەورە گوندێکی گەورەی سەر بە قەزای ناوەندی کەرکووکە، زێدی دەیان پیاوی هەڵکەوتووە لە گەلێک بوارداً. بۆ نموونە لە بواری ئەدەبیاتدا، حەکیم کاکەوەیس، حەمەکەریم عارف، جەلیل کاکەوەیس و چەندانی دی خەڵکی ئەم گوندەن. هۆڵی سەرەکیی کتێبخانەکەش بە ناوی حەکیم کاکەوەیسەوە کراوە.

ڕێوڕەسمی کردنەوەی کتێبخانەکە بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و خەڵکی ئەدەب دۆست و نووسەران، بەڕێوە چوو. هاوکات پێشانگایەکی وێنە و پۆستەری تایبەت بە کتێب و خوێندنەوەش، لە لایەن گرووپی (کتێبخانە کتێبەوان)ەوە کرایەوە.

کەرەم کاکەوەیس بە«خەبات»ی گوت: گوندی حەساری گەورە کتێبخانەی «گزنگ»ی هەبوو، ئەم کتێبخانەیە لەسەر ئەرک وگیرفانی هاوڕێ یوسف حەساری و ڕزگار حەساری بەڕێوەئەبرا، کڕێی ئەو خانووەی کە کتێبخانەکەی تیابوو هەر ئەوان ئەیاندا کتێبخانەکەیان پێکەوە بەڕێوە ئەبرد ،کاتی خۆشی کە کتێبخانەکەیان دانا بۆ ئەوەی خەڵکی حەسار بێ ئومێد نەبێت، خۆیان لە مەراسیمی کردنەوەی کتێبخانەکە پاراست، بۆ ئەوەی هیچ حزبێک خۆی بە خاوەنی کتێبخانەکە نەزانێت تەنها مولکی حەساریەکان بێت. جێی ئاماژەیە ئەم کتێبخانەیە ژوورێکی تێدایە بۆ مۆسیقاو هونەر.. هۆڵێکی گەورە.. ژووری پشوودان.. ژووری فەرمانبەران .

سێنیگال.. فێستیڤاڵی هۆڵی



لە داکاری پایتەختی سێنیگال فێستیڤاڵی هۆڵی (ڕەنگەکان) بەڕێوەچوو کە سااڵنە وەک کولتوورێکی هیندستانی بەبۆنەی هاتنی وەرزی بەهارەوە ئەنجام دەدرێت. فێستیڤاڵەکە لە گۆڕەپانی پەیکەری ڕۆنیسانس لە لایەن باڵیۆزخانەی هیندستان لە داکار سازدرا و هەزاران کەس تیایدا بەشداربوون.